

# هاووڵاتیی ساد

## ڕاڤەیەک سەبارەت بە ئەدەب و هزری "مارکیز دۆ ساد"

سەروان ئەحمەد

توێژینەوە

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢٠

jineftin.krd

**((ئەم ٢٦ بڕگەیە، هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و ئەندێشەی مارکیز دۆ ساد، کە لە ڕاستیدا بەشێکە لە توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوە بە ناونیشانی «ئیلیا: بلانشۆ و لێڤیناس». لەم بڕگانەدا دیدگای بلانشۆ بە تایبەت لەسەر فیکری ساد خراوەتە ڕوو و؛ بە کۆمەك وەرگرتن لە فەلسەفەی کلۆسۆڤسکی، هیگڵ، لاکان، بۆڤوار و هتد هەوڵ دراوە تا ئاستێك ئەندێشەی ساد ڕاڤە بکرێت)).**

■ مارکیز دۆ ساد[1]، نووسەرێك کە 32 ساڵی ڕەبەق ژیانی لە زیندانە ترسناکەکانی فەڕەنسادا بەسەر برد و سەردەمێك بە «شەڕەنگێزترینی جانەوەران» دەناسرا و ژیانی بۆ «کۆمەڵگە مرۆییەکان» ترسناك، بە جۆرێك کە دەزگاکانی دەوڵەت و کڵێسا زیاتر لە دە بەرگی دەستنووس، یاداشت و گێڕانەوە وێنەییەکانیان سووتاند و، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تەنانەت تا درەنگانێك قەدەغە بوو. ئەم جانەوەرە ترسناکەی کۆمەڵگە، کەمێك پاش ڕووداوی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لە زیندان ئازاد کرا؛ بەڵام ئەم ئازادییە درێژەی نەکێشا و دووبارە ساد ڕێی زیندانی گرتە بەر تا ترسناکترین خەیاڵی ڕاستەقینەی مرۆڤ سەرلەنوێ بەرهەم بهێنێتەوە. ڕەنگە لە سەرەتادا وا بکەوێتە بەرچاو کە

---

[1] Donatien Alphonse Francois marquis de sade (1740-1814).

نووسینەکانی ساد، وەك هەر کەسێکی زیندانیکراو، پەرچەکردارێك بێت بەرامبەر بە دۆخی زیندان، بەڵام ئایدیای نووسین بۆ ئەو ئەوەندە نوێ نەبوو. ئەو دەیویست بە ئەشکەنجەدانی خۆی، تۆڵە لە خۆی بکاتەوە. لە دەروونی سادداا، لاوازییەك هەبوو کە غرورەکەی دەیشاردەوە. ئەو لە زینداندا ئامراز و کاتی نەبوو تا مرۆڤ، جیهان، خودی خۆی بخولقێنێتەوە. ساد، لە نووسیندا، خوازیاری دۆزینەوەی ویژدانێکی ڕووناك بوو، ویژدانێك کە بتوانێت لە ڕێگەیەوە خەڵکی پێ ناچار بکات تا بیبەخشن. کۆمەڵگە لە دڵی ساددا، وەك دەمامکی گوناه نیشتەجێ بووبوو. ساد لە هەموو شتێك و لە هەموو کەس بە گومان بوو. بەبێ هیچ هۆکارێك تووڕە دەبوو، بەڵام لە ساتی هەڵەدا بە تەواوەتی گۆڕاپایەڵ دەبوو. تەواوی بوونی تەرخان کردبوو بۆ شەهوەترانی، چون باوەڕی وابوو کە شەهوەت و شەهوەترانی تەنها کاملێتیی بوونی ئەوە. ئەو، لەجیاتیی دەمامك و هەڕەشەکردن لە جیهان، خەیاڵی هەڵبژارد.

■ توێژینەوەی بەرهەمەکانی ساد وەسوەیەکی درێژخایەنە؛ ئەم وەسوەسەیە تا ڕادەیەك بیرمەندە گەورەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ***فرۆید***، ***باتای***، ***کلۆسۆڤسکی***، ***دۆلۆز***، ***بلانشۆ***، ***دۆ بۆڤوار***، ***لاکان***، ***فوکۆ***، ***بارت***، ***دی بۆر***، ***ئادۆرنۆ***، ***لیۆتار***، ***هۆرکهایمەر***، ***سانتاگ***، ***شتێرنەر***، ***کارتەر*** و هتد[2]. گرنگیی ساد بۆ بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا، بە وتارێکی زۆر گرنگی باتای بە ناونیشانی «بەهای بەکارخستنی مارکی دۆ ساد[3]»، قووڵتر دەبێتەوە. جگە لە باتای، بلانشۆ لە کتێبی ***لۆتۆیامۆن و ساد***دا[4]، خوێندنەوەیەکی جیاواز دەخاتە ڕوو. **بلانشۆ**، لەو بەشەدا کە تایبەتە بە ساد، بە ناونیشانی «عەقڵی ساد[5]» هەوڵ دەدات جۆرێك عەقلانییەتی تایبەت لە ئەندێشەی ساددا بدۆزێتەوە، عەقلانییەتێك کە لە ڕێگەیەوە خودی ساد ڕەخنە دەکات. بۆ ساد، هیچ چەکێك بە ئەندازەی عەقڵ گەورەتر و بەهێزتر نەبوو. سەرەڕای ئەمەش، وەك پێشتر ئاماژەی پێ کرد، لە وتاری

---

[2]. دەتوانرێت پانتایی کاریگەریی ئەندێشەی ساد درێژ بکرێتەوە بۆ هەرێمی ئەدەبیاتیش: بریتۆن، بۆدلێر، ئاپۆلۆنێر، بێکت، ژان ژینێ، لۆتریامۆن و تەنانەت کەسێکی وەك پازۆلینی. ئەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەندێشەی ساد لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی ڕۆسۆ، دیدرۆ، سپینۆزا و ڤۆڵتێردا بووە. ئەو خۆی بە فەیلەسوف ناو دەبات و ئاتەئیزم و ناخوداباوەڕیی ئەو، وەك زۆربەی فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری، ماتریاڵیستییە و بوونی «دەسەڵاتی باڵا» ڕەت دەکاتەوە. بەڵام ڕەتکردنەوەی خودا، لە ئەندێشەی ساددا، ڕەتکردنەوەی سرووشتیشی بەدوادا دێت...

[3]. Georges Bataille, The Use Value of D.A.F. de Sade, Visions of Excess: Selected Writings (1927-1939).

[4]. M. Blanchot (1949), Lautreamont et Sade.

[5]. «La raison de Sade».

**ئەدەبیات و مافی مەرگ**دا، دوو دەنگ لە «داوێن»ی یەکەمی ئەدەبیاتدا دەبیسترێن: ***هیگڵ*** و ***ساد***. ئەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێین کە بلانشۆ سێ تێگەی گرنگ لە بەرهەمەکانی سادا دەدۆزێتەوە و لەبەر ئەم تێگانەیە کە ئەندێشەی ساد بۆ بلانشۆ دەبێتە فەزای بیرکردنەوە: ڕەتدانەوە، مەرگ و دژە-ئەدەبیات. ***پییەر کلۆسوڤسکی***[6]، بە چەمکگەلێکی وەك ئەخلاق، ئەخلاقییات، خودا، فەنتازیا، خۆنوێن، چێژ و سەرپێچی، لە کتێبی **ساد، دراوسێی من**[7]، ئەندێشەی ساد بە قووڵی ڕاڤە دەکات. ***دۆلوز*** لە کتێبی **مازۆخیزم: ساردیی و دڵڕەقی**[8]، قسە لەسەر ئەدەبیاتی تاقانەی ساد و مازۆخ دەکات. بەپێی ڕوانگەی دۆلوز، ساد و مازۆخ، دوو هونەرمەندی گەورەن کە فۆرمی نوێی دەربڕین، ڕێگەی نوێی بیرکردنەوە و هەستکردن و زمانێکی تەواو ڕەسەن دەدۆزنەوە. ***سیمۆن دی بۆڤوار***یش لە کتێبی **ئایا دەبێت ساد بسووتێنین؟** بەپێی بنەماکانی فەلسەفەی بوونگەرایی ئەزموونی سادیی توێژینەوە دەکات؛ بەڵام، گرفتی گەورەی بۆڤوار، ئەوەیە کە هێشتا لە بازنەی بەرتەسکی دووچاوگیی چاکە و خراپەدا دەمێنێتەوە. جگە لەم هەموو تێز و توێژینەوانەی سەرەوە، کۆمەڵێك کتێبی تر هەن کە ئەندێشەی ساد دەخوێننەوە؛ ***بارت*** لە کتێبی **ساد، فۆریە، لۆیۆلا**[9]؛ ***شتێرنەر*** لە کتێبی **ئیگۆ و ئەوەی لە ئیگۆدایە**؛ ***باتای*** لە نووسراوی ***ئەدەبیات و خراپە***[10]؛ و ئەنجێلا کارتەر لە کتێبی **ژنی سادی و ئایدیۆلۆژیای پۆرنۆگرافی**[11]. بەڵام توێژینەوەی ڕەهەندی فیکری ساد بەم کتێبانە کۆتایی نایێت. ساد، «برین»ێك بە جەستەی ڕۆشنگەرییەوە.

■ لە **ئەدەبیات و مافی مەرگ** و هەروەها *لە* **لۆتریامۆن و ساد**دا، «باڵاترین» نووسەر مارکیز دۆ سادە، یا بەو جۆرەی کە دواتر ناو لە خۆی دەنێت، «هاووڵاتی ساد»: کاتێك کە لە باستیلدا زیندانی بوو، وەك میرابۆی وتارێژی ناوداری شۆڕش، (بە یەك ڕەحەتی میزەوە)، هاواری لە جەماوەری شۆڕشگێڕ دەکرد کە زیندانییەکان لە گرتووخانەدا خەریکە لە سێدارە دەدرێن. نووسراوی ساد، ڕاهێنانی «ئازادیی ڕەها»یە، ئازادیی ڕەها وەك ڕەتدانەوەی گشت: ڕەتدانەوەی خودا، خەڵك و سروشت؛ ڕەتدانەوەیەك کە بە خوێن، دڵڕەقی، ستەمکاریی و تۆقاندن، تۆقاندن وەك وەفادارترین

---

[6] Pierre Klossowski (1905-2001).

[7] Sade mon Prochain= Sade my Neighbor.

[8] Gilles Deleuze, Masochism: coldness and Cruelty (1989).

[9] Roland Barthes, Sade, Forurier, Loyola, Translated by Richard Miller, New York (1976).

[10] G. Bataille, Literature and Evil, Trans: Alastair Hamilton, New York (1985).

[11] Angela Carter, The Sadeian Woman and the Ideology of Pornography, New York (1979).

ڕاگەیاندنی ئازادیی ڕەها، کۆتایی دێت. ئەخلاقی ساد، ئەخلاقی ئازادیی ڕەهای مرۆڤە. بە ڕوانگەی ساد، ئارەزووی ستەمکردن لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە و، ئەو وەك «یەکەمین ئارەزوو» ناوی دەبات کە سروشت لە مرۆڤدا جێگیری کردووە. لە شۆڕشدا، ئەمرۆ لە پێناو بەیانی، کەمینە لە پێناو زۆرینە، ئازادیی تاکی لە پێناو سەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێتە قوربانی. برایەتیی ڕواڵەتی لە دەمامکی فەزیلەتی دەرەهەستدا بە تاوان کۆتایی دێت. زیندان و گیوتین، ئەنجامی لۆجیکیی ئەم جۆرە فەزیلەتەن. ***بلانشۆ*** سەبارەت بە ساد دەڵێت: «لە ساڵی ١٧٩٣دا، کەسێك هەیە کە بە تەواوەتی خۆی بە هاوتای شۆڕش و سەردەمی تۆقاندن دەزانێت. ئەرستۆکراتێکە وابەستە بە جەنگی قەڵاکانی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆیەوە، مرۆڤێکی لێبوردە و لە ڕاستیدا شەرمن و خاوەنی نەریتێکی ڕووبین: بەڵام دەنووسێت، تەنها شتێك کە دەیکات نووسینە، و هەرچەندە ئازادی ئەوی گەڕاندبێتەوە بۆ زیندانی باستیل کە خۆی پێشتر لەوێ ڕزگاری کردبوو، بەڵام ئەو کەسێکە کە لە هەمووان زیاتر لە ئازادی تێدەگات، تێدەگات کە ئازادی ئەو چرکەساتەیە کە بێماناترین تامەزرۆییەکان، خواستەکان و خولیاکان دەشێت بگۆڕدرێن بۆ واقیعییەتی سیاسی و مافی بوونیان هەیە و خۆیان یاسان.»[1] هەموو سزادانێك هەمیشە هاوڕێژەیە لەگەڵ تاوان و تاوان هەمیشە هاوڕێژەیە لەگەڵ ئەندازەی مەعریفەی تاوانکاردا؛ کەواتە، لێرەدا جۆرێك پەیوەندیی بنەڕەتی هەیە لە نێوان تاوان/مەعریفەدا؛ ئەم ئایدیایە لە ئەندێشەی ساد و بە جۆرێکی گرنگتر، لە ئەندێشەی هەندێك لە پاڵەواکانیدا نوێنراوەتەوە. ئەگەر مەعریفە لە کۆتاییدا بە یەك تاوان کۆتایی دێت، کەواتە ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین تاوان دەبێت هەڵگری کلیلی مەعریفە بێت. تەنها بە فراوانترکردنی زیاتر و زیاتری بازنەی تاوانە کە سوژە، مەعریفەی لەدەستچووی دەدۆزێتەوە، مەعریفەیەك کە ئێجگار گەورەترە لەوەی کە هەیەتی[2]. هاوکێشەیەکی ئەفلاتوونی-سادیی: مەعریفە (فەزیلەت)/تاوان (مەرگ).

■ ساد لە نامەیەکیدا بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێت: «قووڵترین ئۆرگازم هەمیشە لە مەرگدایە.»[3] بێگومان کەڵکەڵە بنەڕەتییەکانی ساد بریتین لە: چێژ، مەرگ، سەرپێچی. چێژ مرۆڤ فڕێ دەداتە دەرەوەی خۆیەوە؛ بەڵام بۆ مرۆڤی سادیی، «دەرەوە» گەیشتن نییە بە ئەویتر، بەڵکە نووشتانەوەی «خود»ە بەسەر خۆیدا؛ ئەویتر هیچ مانایەکی نییە کە بیەوێت بیسڕێتەوە. بوونی ئەویتر، جا هەر چییەك بێت (خودا، باوك، ئایین، یاسا، مەعشوقە/ئۆبژەی چێژ، کۆمەڵگە و خود)، و ئەوەی کە بیەوێت میتافیزیکی خود/ئەویتر دروست بکات، لە بنەڕەتدا کارەکەی بریتییە لە شکڵپێدانی تابۆ ئەخلاقییەکان. بۆ ساد، ئەخلاق، تەنیایی ڕەهای مرۆڤە. هەموو قەدەغەیەکی

ئەخلاقی، سەرپێچی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چون قەدغەکردن پەیوەستە بەو شتەوە کە کۆنترۆڵ و ڕێساداری دەکات، پەیوەستە بە هەمان ئەو شوێنەوە کە دەبێت سەرپێچی ڕووبدات. تاوان، ڕۆحی سروشتە؛ بە وتەی ساد، «تاکە شانازیی مرۆڤ تاوانکردنە.» بۆ ساد، ئەمە ساتێکە کە سەرپێچی ئیرۆتیکی تێدا دەردەکەوێت و نەك پۆرنۆگرافی. بەڵام هەروەها ئەوە ئاگایی مرۆڤە کە ڕێسای ئەخلاقی جێگیر دەکات، ئەوە ئاگایی مرۆڤە کە لە مەرگ تێدەگات. لەم ڕووەوەیە کە وتەکەی ساد مانای هەیە: باڵاترین ئۆرگازم مەرگە. مەرگ تەنها بە مانای لەناوچوونی ڕەها نییە، بەڵکە لە مەرگدا خود، ئەویتر و زمان لەناو دەچن. مەرگ ساتێکە کە خود دەگاتە ئۆرگازم؛ بە دەربڕینێکی تر، خود لە ئۆرگازمدا هەڵدەوەشێتەوە. ئۆرگازم، ساتی وێرانکردنی خودە و؛ وێرانکردنی خود، چرکەساتێکە کە مەرگ و ژیان تێیدا بەیەك دەگەن. مەرگ تەنها دەرگایەکە کە دۆخی بوون لە شتێکی تر جیا دەکاتەوە و دەیگۆڕێت بۆ فۆرمێکی جیاوازی خوڵقاندن. مەرگ سنووری جەستەیە؛ سنوورێك کە هەم خود بە جەستە لەناو دەبات و هەم ئەخلاق بە جەستە لەناو دەبات. ڕووداني مەرگ و بەرهەمهێنانی چێژ کارکردێکی یەکسانیان هەیە؛ لە کوێدا چێژ هەبوو، مەرگ ڕوودەدات. بە کورتی، مرۆڤ لە ساتی ئەزموونکردنی مەرگدا بەئاگا دێتەوە؛ ئۆرگازم بەئاگاهاتنەوەیە: ساتی تەنیایی ڕەهای مرۆڤ[12].

■ ساد دەڵێت: «دەبێت توندوتیژی بەرامبەر بە ئۆبژەی ئارەزووی خۆت بنوێنیت، کاتێك کە خۆی بە دەستەوە دەدات، چێژ زیاتر دەبێت.» سەپاندنی چێژ، شتێکە کە ساد سەدەونیوێك بەر لە دەروونشیکاری دەرکی کردبوو و بەرهەمەکانی پڕن لەو قوربانیانەی کە بەر لە ئەشکەنجە دران، ملکەچی چێژ دەبن و ئەشکەنجەدەر لە چێژێکی قووڵدا، هاوڕێ لەگەڵ ستەمکاریی میهرەبانی، دەبێتە عاشقێك کە چێژ لە بینینی مەعشوقە بەزیوەکەی دەبات. ڕۆنیشاندنەوەی تینی ئارەزوو، لە ڕێگەی لەناوبردنی ئۆبژەی چێژەوە. چێژ نە پێویستی بە ئاڵوگۆڕ، نە بە بەخشین و نە بە هیچ بەزەییەك هەیە، ستەمکاریی چێژ لە بەرچاوتەنگییەکەوە دێت کە ئەو بوونەی کە لە توخمی ئەو نییە لەناو دەبات. بە باوەڕی ساد، کردەی توندوتیژی، هەمان کردەی یاسایە؛ چون توندوتیژی یاسا دادەنێت؛ بە

[12]. بە ڕوانگەی ساد، مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیایە لە دنیادا. تەواوی بوونەوەرەکان بە گۆشەگیری لەدایك دەبن و پێویستیان بە یەکتر نییە. بەڵام مرۆڤ تەنها مەحکووم بە تەنیایی نییە، بەڵکە دژ بە هەمووان، خوازریاری تەنیاییە. بلانشۆ دەڵێت: «ئەم فەلسەفەیە [فەلسەفەی ساد]، یەکەم فەلسەفەیەکە لەسەر بەرژەوەندییە کەسییەکان دامەزراوە و دووەم فەلسەفەی خودخوازیی کامڵە. هەر کەس دەبێت کارێك ئەنجام بدات کە پێی خۆشە. هیچ کەس جگە لە چێژی خۆی یاسایەکی تری نییە. پێشگریمانەی ئەم ئەخلاقە جگە لە تەنیایی ڕەها هیچ نییە. ساد ئەم بابەتەی گوتووە و بە ناونیشانگەلێکی جیاوازەوە دووبارەی کردوەتەوە: سروشت ئێمەی تەنیا خوڵقاندووە.» (بلانشو، عقل ساد: 1395:90).

دەربڕینێکی تر، لە دەرەوەی توندوتیژییەوە هیچ یاسایەك بوونی نییە. بلانشۆ دەڵێت: «هیچ شتێك جڵەوگری یاسا نییە، چون شتێکی سەرتر لە یاسا بوونی نییە و لەبەر ئەمە یاسا هەمیشە سەرترە لە من. تەنانەت ئەگەر یاسا خزمەت بە من بکات، لە ڕاستیدا من سەرکوت دەکات.[13]»[4] ساد دەیەوێت بێبەزەیی و شێتی بکاتە بنەمایەکی جیهانی؛ و شوناسی سەرسەختی ساد، هەمان دڵڕەقییە: «هیچ هەستێك توندتر و چالاکتر نییە لە هەستی ئەشکەنجە.[14]» تاکی سادیی دەزانێت هیچ چێژێك ناگاتە چێژی کوشتنی قوربانییەکانی، بەڵام هەمان چێژ خودی خۆشی لەناو دەبات. وەك بلانشۆ دەڵێت: «دڵڕەقی جگە لە ڕەتدانەوەی خود هیچ نییە.»[5] بۆ ساد، هەر شتێك چەپەڵتر بێت، چێژی زیاترە؛ نۆشینی خوێن، خواردنی منداڵ و هەڵدڕینی ئۆبژە و هتد. تەنها غەریزە نائەخلاقییەکان بە کەڵکی مرۆڤ دێن. بەختەوەربوون واتە شەڕانگێزبوون و تەنها مرۆڤێك خاوەنی بەختەوەرییە کە هەموو شەڕانگێزییەکانی هەبێت. ساد دەڵێت: «تاوان، ڕۆحی شەهوەتە، چێژ چییە ئەگەر هاوڕێ نەبێت لەگەڵ تاواندا؟» تەنها تاوانە کە دەرگاکانی ژیان بە ڕووی مرۆڤدا دەکاتەوە؛ و «تاکە تاوانێکی ڕاستەقینە سەرپێچی کردنە لە سروشت.» بلانشۆ دەڵێت: «ئەگەر تاوان ڕۆحی سروشتە، کەواتە هیچ تاوانێك دژی سروشت بوونی نییە و بەم پێیە، هیچ تاوانێك ڕەخساو نییە... هەر لەبەر ئەمەیە کە ڕەتدانەوەی ئەگەری تاوان مۆڵەت بە ساد دەدات کە ئەخلاق و خودا و تەواوی بەها مرۆییەکات ڕەت بداتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە خودی ئەم ڕەتدانەوەیەش دەشێت ڕەت بدرێتەوە، ئەوا نکۆڵیکردنی تاوان لە هەمان کاتدا پێویستی بە دەستبەردانە لە ڕۆحی ڕەتدانەوەش.»[6] بێگومان ساد تاکە کەسێك بوو کە خۆپەرستی، ستەمکاری و تاوانی لە کردەی سێکسیدا دۆزییەوە. ئەو، لە ئارەزووی سێکسیی خۆی، ئەخلاق دروست دەکات. ئەو دەیویست شەهوەت بکاتە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی. بە ڕوانگەی ساد، پاکداوێنی هیچ بەهایەکی نییە، چون سنووری چاکە و خراپە دەستنیشان دەکات. ساد، لە دوالیزمی دووپاتەی چاکە و خراپەدا نامێنێتەوە و لە بنەڕەتدا، بۆ ساد، هیچ چاکەیەك بوونی نییە. چاکە زیاتر لە خراپە خاوەنی بوون نییە و بوون

[13]. ساد دەڵێت: «هەیەجان و تامەزرۆیی دراوسێی من زۆر کەمتر من دەترسێنێت تا نادادپەروەریی یاسا، چون هەیەجان و تامەزرۆیی ئەم دراوسێیە، هەمان هەیەجان و تامەزرۆیی قوتدراوەی منە، لە کاتێکدا کە لە یاسادا هیچ شتێك سنووردار نابێت، هیچ شتێك نادادپەروەریی یاسا کۆنترۆڵ ناکات.»

[14]. بلانشۆ وتەی یەکێك لە ژنە پاڵەوانەکانی ساد دەگێڕێتەوە: «شکۆی ئێوە لە حوکمی مەرگتاندایە. ترسناکترین نەریتێك کە من هەمە ئەوەیە کە پیاوانی دڵخوازم بکەمە قوربانی، لە ڕاستیدا سەرچاوەی حوکمی مەرگی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگەیاندنی عیشقی من [بۆ ئێوە].» (بلانشو، عقل ساد، 1395: 107).

دەکەوێتەوە سەرووی چاکە و خراپەوە. ساد لە ڕۆمانی ***ژوستین***[15]دا دەڵێت: «ئەگەر چاکە نەبووایە شەیتانیش بوونی نەدەبوو.» بەڵام، لەگەڵ ئەمەشدا، سەرتاسەری جیهان بە ململانێی نێوان دوو جۆر خراپە دەزانێت: خراپەی سادیی/خراپەی سروشت. ڕێگەچارەی کێشەی خراپە، شەڕانگێزبوونە. بە یەك مانا، بۆ لەناوبردنی خراپە، پێویستمان بە تاوانی خراپە هەیە. بە ڕوانگەی ساد، گوناهـ سەرچاوەی شادیی مرۆڤە: «شادی تەنها لە شتێکدایە کە من دەورووژێنێت و تاکە شتێك کە دەموروووژێنێت گوناهە.» ئەو دەیەوێت پاکداوێنی بکاتە هاودەست و خزمەتکاری گوناهـ. شادیی مرۆڤ، بە بوون بە دەست دێت، و نەك بە چاکە و خراپە. گوناهـ، شتێك کە دەکەوێتە بازنەی بوونەوە. هیچ بەهێزکەرێکی سێکسی، بە ئەندازەی وێرانکردنی چاکە بەهێز نییە.

■ ساد، لە ڕۆمانی ***ژوستین***دا، دەڵێت: «ئەگەر ئاتەئیزم شەهیدی بوێت، ئەوەندە بەسە کە لێو تەڕ بکات؛ خوێنی من ئامادەی لەبەر ڕۆشتنە.» سەرپێچیی سادیی، سەرپێچییەکی تەواو فیکرییە، سەرپێچییەك کە هەمان توغیانی گشتیی جەماوەرە لە شەوی شۆڕشدا. بەم پێیە، خودی سادیزم، دەگۆڕێت بۆ تەنها یەك ئایدیۆلۆژیای یۆتۆپی لەناو ئایدیۆلۆژیاکانی تردا. لەلایەکی ترەوە، زەروورەتی جەوهەریی ئەم دیاردەیە، واتە هەمان ئایدیۆلۆژیای یۆتۆپی، پێویست دەکات کە لە کاری سادیدا، سەرپێچی زاڵ ببێت بەسەر مەرجی بنچینەیی خۆیدا؛ مەرجێك کە بە لۆژیك لە گوتەی ئاتەئیستیی سادەوە سەرچاوە دەگرێت[7]. بلانشۆ دەڵێت: «[ساد] خودی ڕەتدانەوەیە: بەرهەمەکەی جگە لە کاری ڕەتدانەوە هیچ نییە، ئەزموونەکەی جگە لە جووڵەی ڕەتدانەوەیەکی دڵڕەقانە و فیداکارانە، کە ئەوانیتر ڕەت دەکاتەوە، خودا ڕەت دەکاتەوە، سروشت ڕەت دەکاتەوە و، لەم بازنەیەدا کە بێ بڕانەوە لەناویدا دەجووڵێت، بە هەمان ئەندازەی دەسەڵاتی ڕەها چێژ لە ڕەتدانەوەی خۆی دەبات.»[8] بە باوەڕی بۆڤوار، ئایدیایەك هەیە کە ساد هیچ کات ناتوانێت پەسەندی بکات: گوێڕایەڵی[9]. گوێڕایەڵی، خۆبەدەستەوەدانی گەمژانەیە لە بەرامبەر یاسای خراپەدا کە کۆمەڵگە سەرلەنوێ دەخولقێنێتەوە. مرۆڤ بە گوێڕایەڵی، نکۆڵی لە دەسەڵات و ئازادیی خۆی دەکات. بە ڕوانگەی

[15]. ڕۆمانی ژوستین Justine، یەکێکە لە شاکارەکانی ساد؛ ژوستین و ژولیت، وەك دوو خوشك، کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانەن. ساد لە ساڵی 1791ز ئەم ڕۆمانە بڵاو دەکاتەوە. و دواتر ناوێکی تری بۆ زیاد دەکات «بەدبەختییەکانی فەزیلەت» یا «نەهامەتییەکانی ئەخلاق». ژوستین کەسێکی ئەخلاقی و تەقوادارە، درووست بە پێچەوانەی ژولیتەوە، کە مرۆڤێکی گەندەڵ و چێژپەرستە. ژوستین تا کۆتایی تەمەنی ئەخلاق و تەقوای خۆی دەپارێزێت و ژولیتیش دەبێتە کەسێکی دەوڵەمەند و بەختەوەر. ژولیت سەگرەفتارێکی سەرسەختە و لە هەموو شتێکدا بەدوای چێژدا دەگەڕێت. بێبەزەیی، توندوتیژیی جەستەیی و دەستدرێژی ناوکی ئەم ڕۆمانە پێك دەهێنن. بلانشۆ سەبارەت بەم ڕۆمانە دەڵێت: «ئەگەر دۆزەخێك لە کتێبخانەکاندا هەبێت ئەوا لەبەر ئەم کتێبەیە.»

***کلۆسۆڤسکی***، ویژدانی مرۆڤی سادیی، بە شێوەیەکی بێبەزەییانە ئاتەئیستی نییە؛ بەڵکە ئەم ئاتەئیزمە ئەنجامی سەرشاربوون لە ژیان و نەفرەتە؛ ئاتەئیزمی ساد تەنها چەشنێك کوفرکردنە. تەنها بێزڕێزیکردن بە سیمبوڵە ئایینییەکان دەتوانێت ئاتەئیزمە ڕواڵەتییەکەی بکاتە شتێکی پەسەندکراو و لەبەر ئەمە، ئاتەئیزمی ئەو بە ئاشکرا دەتوانرێت لە فەیلەسوفی ئاتەئیستی جیا بکرێتەوە، فەیلەسوفێك کە بۆ ئەو کوفرکردن، سەرەڕای ئاشکراکردنی لاوازیی تاکێك کە لەم کارە چێژ دەبات، هیچ گرنگییەکی نییە[10]. ئاتەئیزمی ساد، بانگهێشتی خودای غایبە؛ وەك بڵێی کە دەیەوێت خودا ناچار بە ئاشکراکردنی بوونی خۆی بکات؛ وەك ساد دەڵێت: «ئەگەر خودایەك بوونی دەبوو و ئەگەر ئەو خودایە دەسەڵاتی داگیر دەکرد، ئایا مۆڵەتی بە قوربانی بوونی فەزیلەت و تەقوای دەدا، کە مایەی شەرەف و شانازیی ئەوە، بەو جۆرەی کە ئێوە پێتان خۆشە بەم جۆرە بێت؟ ئایا ئەم خودای قادری ڕەهایە بە یەك مەخلوقی لاوازی وەك من، کە بە بەراورد بە ئەو وەك کرمێکی بچووکم لە بەرامبەر فیلێکدا، مۆڵەت دەدات؛ دەپرسم، ئایا ئەو مۆڵەت بەم مەخلوقە کەنەفتە دەدات تا دژوێنی پێ بدات، سووکایەتی پێ بکات، لە بەرامبەریدا بووەستێت، و ئازاری بدات، بەم شێوەیە کە من لە هەر چرکەساتێکی ڕۆژدا لەم کارە چێژ ببەم.»[11] ئاتەئیستی ڕاستەقینە، ئەگەر بوونی هەبێت، خۆی پەیوەست ناکات بە هیچ ئۆبژەیەکەوە؛ ئەو بە گیرۆدەبوون لە جووڵەی هەمیشەیی سروشتدا، تەنها گوێڕایەڵی لە پاڵنەرەکانی دەکات، و ئەوانیتر جگە لە «خلتەی سروشت» بە هیچ نازانێت. ئاتەئیستی سادیی، ناتوانێت دەست لە ئارەزووە زێدە مرۆڤانەکەی بەربدات؛ ڕەنگە تەنها ئاتەئیستی ڕەواقی بتوانێت ئەم کارە بکات. ئەو ناتوانێت دەست لە ئومێدی تاقانەی ئایندە و ژیانی دۆزەخی بەربدات؛ واتە، ناتوانێت لەناوچوونی «جەستەی گوناهکار»ی خۆی پەسەند بکات، ئەویش تەنها لەبەر ئارەزووە بێماناکەی، ئارەزوویەك کە بریتییە لە پیادەکردنی تووڕەیی خۆی بەسەر یەك قوربانیدا تا ئەبەد[12].

- ئایدیای خودا، یا بە دەربڕینی ساد، «دەسەڵاتی باڵا»، بە مانایەك، هەڵەی بێبەزەییانەی مرۆڤ، گوناهی یەکەمینی مرۆڤ، سەلماندنی «نەبوون»ی مرۆڤ، و هەمان شتێکە کە پاساو بۆ تاوان دەهێنێتەوە و بە ڕێپێدراو هەژماری دەکات. ساد دەڵێت: «ئایدیای بوونی دەسەڵاتی باڵا تاکە هەڵەیەکە کە ناتوانم بە هۆیەوە مرۆڤ ببەخشم.» ئەم وتەیە، یەکێکە لە کلیلەکانی تێگەیشتنی سیستەمی ئەندێشەی ساد[13]. کاتێك کە فەلسەفەی ماتریالیستیی دی لا مێتری[16]، هێلڤیتیوس[17]

[16]. Julien Offray de La Mettrie (1709-1751).

[17]. Claude Adrien Helvetius (1715-1771).

و هۆڵباخ[18] دەکەونە بەردەم ئەندێشەی ساد، تووشی گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراو دەبن. بۆ ساد، جێگرتنەوەی خودا بە سروشت، سروشتێك کە لە دۆخی جووڵەی هەمیشەییدایە، نەك تەنها ئاماژە نییە بۆ گەیشتنی سەردەمێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکە دەستپێکی تراژیدیا ڕادەگەیێنێت. لێرەدا دەتوانین تێگەی ناسراوی نیچە هەست پێ بکەین کە جۆرێك ئاگایی لە بەرامبەر ئازارەکانی تاکی بێ گوناھ جێ دەگرێت، ئاگاییەك کە هاوڕایە لەگەڵ بەرگەگرتنی ئازاری خۆی، چون ئەم گوناھە بە بەھای زیندووبوون دەزانێت. ئەمە هەستی شاراوەی ئاتەئیزمە کە ساد بە ڕوونی جیا دەکاتەوە لە هاوچەرخەکانی. سەلماندی مادە وەك جووڵەی هەمیشەیی و وەك تاکە هۆکاری گشتی و گەردوونی، هاوتایە بە پەسەندکردنی ژیانکردن وەك یەك تاك لە دۆخی جووڵەی هەمیشەییدا. ساد، لە سروشتدا خەسڵەتی ئەو خودایە دەدۆزێتەوە کە زۆرترین ژمارەی مرۆڤەکانی خستووەتە بەردەم ئەشکەنجەی ئەبەدییەوە. «بەڵێ، من لە سروشت بێزارم، چون باش دەیناسم. بەئاگا بن لە نهێنییە ترسناکەکانی سروشت، من گەڕاومەتەوە ناو خۆم و هەستم بە نهێنییە ترسناکانە کردووە. خراپە، سەرگەرمیی سروشتە. ئایا دەبێت ئەم جۆرە دایکەم خۆش بوێت؟ نەخێر.»

■ خراپە، بە شێوەیەك تاکی سادیی غافڵگیر دەکات کە وەك بلێی تاکە توخمی سروشتە، کە وەك بلێی تاکە توخمی خودایە، توخمێك کە تاکی سادیی ناتوانێت بیبینێت. چاکە و خراپە لە جەنگێکی هەمیشەییدا گلۆم دراون؛ بەڵام چارەنووسی سەرکەوتن بە ناوی خراپەوەیە. ویژدانی تاکی سادیی، لە خوادا بۆ تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێت؛ بەڵام هەر کە خودا ڕەت دەکاتەوە، جەنگەکەی دژی خودا، بە تێگەیشتن لە جووڵەی هەمیشەیی سروشت، نەزۆك و ناتەواو دەمێنێتەوە. مرۆڤ ئیتر بە سەرپێچیکردن ناتوانێت وەڵامی ئەو شتە بداتەوە کە خۆی بە سەرپێچیی سروشت دەزانێت؛ مرۆڤ هەست دەکات کە تۆڵەی نەکردووەتەوە[14]. بە ڕوانگەی ساد، مرۆڤ بە هەڵبژاردنی خودا، نکوڵی لە خۆی دەکات؛ و ئەمە گوناھی نەبەخشراوی مرۆڤە. لە ڕاستیدا، مرۆڤ ناکەوێتە ژێر هیچ دادوەرییەکی باڵاوە، هیچ دادگایەکی ئاسمانی بوونی نییە. ساد دەزانێت کە ئایدیای دۆزەخ و ئەبەدییەت دەتوانێت گڕی ستەم و بێبەزەیی دابگیرسێنێت. ئامانجی ساد لە پێشکەشکردنی تاوانی ڕەها، وێرانکردنی سروشتە نەك تەنها لێدان لە خودا. بەھەر حاڵ، ڕاستگۆیی ساد، شتێکی ڕەتکراوە نییە؛ و سروشتی ساد، بە تەواوەتی نائاییننییە. هیچ شوێنەوارێکی نیگەرانیی میتافیزیکی لە سادا بوونی

[18]. Baron Holbach (1723-1789).

نییە؛ بە دەربڕینێك، ترس لە جیهانی ئەودیو، بە هیچ شێوەیەك لە ئەندێشەی سادا نابینرێت. ساد دەیەوێت تەنها لەگەڵ مرۆڤدا سەروکاری هەبێت و نامۆیە بە هەر شتێکی نامرۆیی. ئەو لە بازنەی عەقڵێکدا ژیانی دەکرد کە دەیوست لەلایەکەوە، پادشایەتیی خودا لە زەمیندا بپێچێتەوە و لەلایەکی ترەوە، بوتێکی تر لە شوێنی خوادا دانێت: سروشت[15]. ژیانی دڵتەزێنانەی ساد، نادرووستیی ئەم ئایینە تازەیە (عەقڵ) دەسەلمێنێت. عەقڵ، دادگاییەك کە بەهاکانی لە زەمینەوە وەردەگرێت. ئایدیای تاوانی ساد شێتییەکی ئەزموونی نەبوو، بەڵکە شێتیی هەمان عەقڵێك بوو کە بە نیشاندانی ئارەزووی سەرپەڕی مرۆڤ بۆ ڕەها و ڕەهاگەرایی، پێشوەخت فەلاکەتی مرۆڤ و لەناوچوونی مرۆڤایەتی پێشبینی کردبوو. بە دەربڕینێکی تر، ئایدیای تاوانی سادیی، ئایدیای تاوانی هەمان عەقڵە، عەقڵێك کە بەرپرسی تەریکخستنی مرۆڤە لە مرۆڤبوون.

■ ساد خۆی لە پێوەند بە شۆڕشەوە دەبینێت؛ ئەڵبەتە ئەم بینینە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی ئەو سەبارەت بە یاسا. شۆڕش، بە ڕوانگەی ساد، «ڕژێمی بێیاسایی» دەنوێنێتەوە. ساد سەرنجی زیاتر لەسەر جووڵەی یاسایە لە ڕژێمی پادشایەتیی یاساییەوە بۆ ڕژێمی شۆڕشگێڕانەی ئەنارشی. ئەو بە دەربڕینێکی قووڵ دەڵێت: «حکومەتی یاسا لە حکومەتی ئەنارشی [بێیاسایی] زەبوونترە: ڕوونترین بەڵگەی ئەو شتەی کە دەیڵێم ئەم هەقیقەتەیە کە هەر کاتێك کە حکومەت بیەوێت یاسا بنچینەییەکەی هەموار بکاتەوە، ناچارە خۆی لە ئەنارشیزمدا ڕۆ بنات. حکومەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی ڕابردووی، ناچارە یەك ڕژێمی شۆڕشگێڕانە دابمەزرێنێت کە تێیدا هیچ یاسایەك بوونی نییە: لەم ڕژێمەدا دواجار یاساگەلێکی نوێ دێنە کایەوە، بەڵام ئەم دەوڵەتە نوێیە بەپێی پێویست بە ئەندازەی ئەو یەکەمین دەوڵەتەی کە لێیەوە دەرهات، دڵسۆزییەکی کەمتری هەیە.»[16] بێگومان ***بلانشۆ*** وەك «تیۆریسێن و ڕەمزی ئازادیی ڕەها» دەڕوانێتە ساد. ئەو دەڵێت: «[ساد] کەسێکە کە مەرگ بۆ ئەو گەورەترین تامەزرۆییە و دواهەمین پووچی، کە بە جۆرێك سەر دەپەڕێنێت وەك بڵێی کەلەرم لێ دەکاتەوە و بە وەها بێباکییەکەوە کە هیچ شتێك بە ئەندازەی ئەو مەرگەی کە دەیسەپێنێت ناواقیعیتر نییە؛ و لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کەس وردتر لە ئەو هەستی نەکرد کە دەسەڵات [و حاکمییەت] لە مەرگدایە و ئازادی مەرگە.»[17] وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، بلانشۆ تەنها لەبەر سێ تێگەی بنەڕەتی ئەندێشەی ساد دەخوێنێتەوە: ڕەتدانەوە، مەرگ، و دژە-ئەدەبیات. لە ڕاستیدا، ئەوەی کە جیهانی ساد دەناسێنێت، واقیعییەتێکی تەواو واقیعی نییە کە نا-واقیعییەت لە باڵاترین فۆرمیدا بەرجەستە بکات، بەڵکە بە پێچەوانەوە، توخمی بنچینەیی دنیای ساد

دەسەڵاتێکە کە بە ڕەتدانەوەیەکی مەزن خۆی دەسەلمێنێت. ئەم ڕەتدانەوەیە کە لە پێوەرێکی ئێجگار باڵادا بەدی دێت، لە بنچینەدا بۆ تێپەڕاندنی ئاستی ژیانی مرۆیی ڕەچاو کراوە. ئەزموونی ساد، بێگومان لە ئەزموونی ڕەتدانەوەیەکی دڵڕەقی مێژووییەوە هاتووە، ڕەتدانەوەیەك کە، خودی ساد، لەناو بازنەی ئەم ڕەتدانەوەدا، بە وتەی بلانشۆ، «بە هەمان ئەندازەی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی، چێژ لە ڕەتدانەوەی خۆی دەبات»[18]. هەموو بوونەوەرێکی کۆتادار پێویستی بە ڕەتدانەوەیە. ساد، وەك نووسەر، بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت، دەبێت خۆی ڕەت بداتەوە. بە یەك مانا، نووسراو، بەرهەمی خودڕەتدانەوەیە: هێزێکی ناکەسی.

■ ویستی گشتی، بە پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی عەقڵی گەردوونی، پنتی هەستەکیی بەشەکان (تاکەکان) دەسڕێتەوە؛ و هەڵەی هەموو جۆرە هەستەکییەکی بەشەکی ئاشکرا دەکات. ویستی گشتی، بەم ڕێگەیە، جەماوەر توانادار دەکات بەوەی کە وەك حاکمێکی باڵادەست شکڵ بگرێت و لە پێگەی دەسەڵاتدا خۆی بنوێنێتەوە. ویستی گشتی لەسەر ئەم بنەما ئەخلاقییە دامەزراوە کە دەڵێت تاك لە سنووری خۆیدا ناتوانێت تەواوی چەشنی مرۆیی بنوێنێتەوە. لە ویستی گشتیدا، تەنها کەسێك بوونی پشتڕاست دەکرێتەوە، کەسێك کە خۆی تا سنووری یەك ویستی دەستنیشانکراو کورت بکاتەوە و لەگەڵ تاکگەلێکی لەم جۆرەدا خۆی بکاتە زۆرینەیەکی هاوویست. ویستی گشتی، کاتێك کە دەیەوێت ئەگەرەکانی هەڵە بسڕێتەوە، ئەگەرەکانی هەستیارێتیی بەشەکیش دەسڕێتەوە. بەم شێوەیە، پەیوەندیی نێوان تاك و حاکمییەتی خەڵك هەڵدەوەشێتەوە. برایەتی ئیتر ئەزموون ناکرێت، چون برایەتی تەنها لە پنتی هەستەکیی تاکەکاندا تاقی دەکرێتەوە. لەم دۆخەدا، تەنها تاکگەلێك دەمێننەوە کە لە پێوەند بە یەکترەوە بێدەربەست و غەریبەن، تاکگەلێك بەبێ ئەرك لە بەرامبەر یەکتردا و کۆتکراو بە ویستی گشتی. لەبەر ئەمەیە کە لە ڕژێمی ویستی گشتیدا، برایەتی هیچ نییە جگە لە میتافۆرێکی فریودەر؛ تەنانەت ئەو زۆرینەیەی کە لە ڕێگەی ویستی گشتییەوە خۆی دەردەخات، لە برایەتیی شۆڕشگێڕانە داماڵراوە. ئەزموونی فەزیلەت لە شۆڕشدا، ئەزموونی کوشتنی باوکە. لە بنچینەدا، حاکمییەتی خەڵك، لە باوککوژییەوە هاتووە؛ کردەی بنیاتنەری حاکمییەت، کوشتنی پادشایە، پادشایەك کە نوێنەری خودا بوو لە ڕژێمی پێشوودا. برایەتیی شۆڕشگێڕانە لەم ڕووەوە واقیعی بوو، چون بەهۆی باوککوژیی پادشاوە گەرەنتی دەکرا. ئەمە شتێك بوو کە ئاگایی ساد بە قووڵی ئەزموونی کردبوو، کاتێك کە بە باوەڕێکی پتەوەوە داوای لە کۆماری کرد

که لەجیاتیی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی سیاسیی تاوان، گوناهی ئەخلاقیی خۆی لە ئەستۆ بگرێت و خۆی بە تاوانکار بناسێت.

- بلانشۆ، لە کتێبی ***لۆتریامۆن و ساد***دا، تا ڕادەیەك خەسڵەتی «مرۆڤی سادیی» دەستنیشان دەکات[19]. ئەو دەڵێت: «مرۆڤی سادیی بوونی لە مەرگێکەوە دەردەکێشێت کە خۆی پیادەی دەکات و هەندێکجار، درووست کاتێك کە ئارەزوومەندی جاویدانەگیی ژیانە، خەونی مەرگێکی لە سەردا هەیە کە بتوانێت بێوچان پیادەی بکات، بە جۆرێك کە جەلاد و قوربانی بە شێوەیەکی جاویدان لە بەرامبەر یەکتردا جێ بگرن و بە شێوەیەکی یەکسان بەهرەمەند لە خەسڵەتی خودایی جاویدانەگی یەکتری ببینن.»[19] بۆ مرۆڤی سادیی، قوربانی، بە خودی خود، بوونی نییە و یەك بوونەوەری جیاواز و تاکانە نییە، بەڵکە توخمێکی سادەیە کە لە پەیوەندییەکی مەزنی ئێرۆتیکیدا چەندین جار شیاوی جێگرتنەوە و گۆڕینە: «هیچ شتێك وەك ژمارەی زۆری بوونەوەرەکان من سەرگەرم ناکات و نامخاتە هەیەجانەوە.»[20] مەرگ و هەستیارێتی، بە ڕوانگەی ***باتای***، دوو دۆخی جیانەکراوەن کە هەر یەکەیان بەرەو ئەویتر لە جووڵەدان: یەك مرۆڤ هیچ نییە جگە لە ئاژەڵێك کە سەبارەت بە تێگەی مەرگ ئاگایی پەیدا کردووە. ئەم ئاگاییە هەمان بەڵگەیەکە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی داهێنانی تابۆکانەوە خۆی جیا بکاتەوە لە ئاژەڵێتیی؛ ئەڵبەتە بە ئاوارتەکردنی توندوتیژیی مەرگ: باڵاترین ئۆرگازم مەرگە. دڵڕەقی، لە ئۆرگازمدا تەواو نابێت؛ و برییتیە لە وزەیەك کە هێشتا شارستانییەت بە تەواوەتی ئاشکرای نەکردووە و بەم پێیە، دڵڕەقی، چاکەیە و نەك خراپە. مرۆڤی سادیی، مرۆڤەکان ڕەت دەداتەوە، و ئەم ڕەتدانەوەیە، وەك بلانشۆ دەڵێت، بە هۆی چەمکی دەسەڵاتی باڵاوە بەدی دێت. مرۆڤی سادیی، بە وەهمی خۆی، دەبێتە خودی دەسەڵاتی باڵا و لە بەرامبەر ئەم جۆرە مرۆڤەدا، تەواوی مرۆڤەکانی تر بێبەها دەبن و هەست بە نەبوونی خۆیان دەکەن لە بەرامبەر خوادا. یەکێك

---

[19]. دەبێت ئەوەش بڵێین کە مرۆڤی سادیی هەمان مرۆڤی سادیست نییە؛ مرۆڤی سادیی بەرهەمی بیرکردنەوەی خودی سادە، بەڵام سادیست بەرهەمی بیرکردنەوەی دەروونناسییە. مرۆڤی سادیی، سوژەیەکی «سەربەخۆ» و ئۆتۆنۆمە کە لە پووچیی چێژە باوەکان هەڵدێت و هەمیشە خوازیاری سەرترچوونە لە «پرەنسیپی چێژ»؛ مرۆڤێك کە لە یاساکان سەرتر دەڕوات و ئازاری چێژ و ژویسانس بە نرخی ژیان بە دەست دەهێنێت. مرۆڤێك کە ملکەچی هیچ جۆرە سنوورێك نابێت و لە بەرامبەر هەر ڕێگرێك، پرەنسیپی سەرپێچی دەکاتە ڕێنوێنی خۆی. مرۆڤی سادیی بەرجەستەبووی هەمان دەسەڵاتێکی ڕەهایە؛ و بۆ دەستگەیشتن بە دەسەڵاتی ڕەها نەك تەنها ئایین، یاسا و کۆمەڵگە ڕەت دەداتەوە، بەڵکە بۆ بەزاندنی ئەو سنوورەی کە بۆ سروشتی دانراوە، سروشت‌یش ڕەت دەداتەوە. ساد ڕێگەیەك نیشان دەدات کە بەپێی ئەم ڕێگەیە هەموو مرۆڤێك دەتوانێت ببێتە مرۆڤی باڵا یا «مرۆڤی تاقانە». مرۆڤی تاقانە، مرۆڤێکە کە بۆ گەیشتن بە ئەودیوی پرەنسیپی چێژ، چاوپۆشی لە هیچ جۆرە ئارەزوویەکی ڕەها ناکات... (بلانشو، عقل ساد: 1395: 43-44).

له پاڵەوانی ساد دەڵێت: «ئێمە خوداین.» لەبەر ئەمەیە کە، بە باوەڕی ***بلانشۆ***، مرۆڤی سادیی دەسەڵاتی بەرپرسیارێتییەکی سەرتر لە مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرێت، ئەم دەسەڵاتە هەمان ئەو دەسەڵاتەیە کە پێشتر لەلایەن ئەم مرۆڤانەوە بە شێوەیەکی گەمژانە بەخشرابووە دەسەڵاتی ڕەها. بەڵام، بۆ مرۆڤی سادیی، بوون لە شوێنی دەسەڵاتی باڵادا، تەنها یەك مانای هەیە: مرۆڤەکان وردوخاش دەکات و خوڵقاندن لەناو دەبات[21]. بەڵام، بۆ ساد، لەناوبردنی هەموو شتێك، لەناوبردنی دنیا نییە؛ چون دنیا نەك تەنها جۆرێك سەلماندنی گەردوونییە، بەڵکە جۆرێك وێرانکردنی گشتگیریشە. بە دەربڕینێکی تر، تەواوێتیی بوون و تەواوێتیی نەبوون، بە شێوەیەکی یەکسان دنیا ئاشکرا دەکەن[22]. پاڵەوانی ساد دەڵێت: «من کارێك دەکەم کە پێم خۆشە، جگە لە چێژی خۆم هیچ شتێك ناناسم، و بۆ پاراستن و دەستگەیشتن بە چێژ، ئەوانیتر ئەشکەنجە دەدەم و دەکوژم.»[23]

■ مرۆڤی سادیی، هیچ کارەسات و خراپەیەکی تووش نایێت، چون خۆی بووە بە دەسەڵاتی ڕەها؛ و مرۆڤی هەموو جۆرە ئیرۆتیزم، هەیەجان و هەستێکی سەرپەڕ و لە ڕێگەیانەوە چێژ دەبینێت. هەرچی زیاتر کردەی مرۆڤی سادیی شایستەی سزادان بێت، بەهای تاوان زیاتر دەبێت. ویژدانی مرۆڤی سادیی هەمیشە بە پەشیمانی چالاك دەبێت. لە ڕاستیدا، پەشیمانی، وزەی تاوانی مرۆڤی سادیی دەستەبەر دەکات. پەشیمانی خۆی یەك ڕووبەری چێژە. ئەو شتەی کە ئەو بۆ تاوان بەدوایدا دەگەڕێت، خراپەیە؛ کەوتنەشوێن خراپە بۆ فراوانکردنی سنووری چێژی ئەم مرۆڤە زەرووریە: «ئەوەی کە گیانمان پێ دەبەخشێت، ئۆبژەی مرۆڤی سادیی نییە، بەڵکە ئایدیای خراپەیە.»[24] سەرەنجام، ئۆبژەی مرۆڤی سادیی هیچ چێژێك وەرناگرێت مەگەر ئەوەی کە ئەنجامی خراپەیەکی گەورەتری لێ بکەوێتەوە. بەپێی وەسفی ساد، ویژدانی نائەخلاقیی مرۆڤی سادیی، نەك تەنها دەکەوێتە بەرامبەر ئاتەئیزم، بەڵکە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ شیکاریی خراپەدا، شیکاریی خراپە تەنها لەبەر خودی خراپە. هەستی مرۆڤی سادیی، نەك بەهۆی جوانیی یەك ژنەوە، بەڵکە بەهۆی ئەو تاوانەوە کە بەرامبەر ژن دەیکات، دەورووژێت. کۆتایی مرۆڤی سادیی، چێژە؛ و لە چێژدا هیچ جۆرە نهێنییەك ناهێڵێتەوە. مرۆڤی سادیی، لە بنچینەدا حورمەتی نهێنی لەکەدار دەکات. لە ساتی ئۆرگازمدا، خودی سادیی[20]، نائومێدانە بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێت کە ببێتە شتێك بەدەر لە خۆی؛ بەڵام

[20] Sadian Self .

ناتوانێت و سەرەنجام، دنیا لەگەڵ خۆیدا زیندانی دەکات. ئەم خودە سادییە کە ستەمکارێکە لە زیندانەکەیدا، ناتوانێت بەرگەی چێژ لە کەسێکی تردا بگرێت. تەواوی ئایدیاکانی ساد بە دەوری شتێکدا دەسووڕێنەوە: درووستکردنی یەك بۆشایی ئەخلاقیی ڕەها، بۆشاییەك کە خودی ساد دواتر بە ئاگایی غروورئاسای پڕی دەکاتەوە.

■ مرۆڤی سادیی، گورگی **دۆخی سروشتی**ی هۆبز نییە؛ لە دۆخی سروشتیی ***هۆبز***دا، بەرەورووی غیابی خودا دەبینەوە. غیابی خودا، ئەگەرێك نابەخشێتە مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك کە خۆی دەیەوێت؛ واتە، لە دۆخی نەبوونی خوداداا، هیچ ئەگەرێك بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێك بوونی نییە. مرۆڤ پاش پێکهێنانی «لیڤیاتان» یا دەوڵەت، تێدەگات کە ئەگەری هەبوو لە دۆخی سروشتیدا بە دەست یەکێك لە مرۆڤەکان بکوژرایە. ئەمە بەم مانایەیە کە مەرگ، لە دۆخی سروشتیی هۆبزییدا، ئەگەرێکە کە پاش پێکهێنانی دەوڵەت دەگوازرێتەوە بۆ دۆخی پێش-دەوڵەت. بەم پێیە، نە مرۆڤی سادیی گورگی دۆخی سروشتیی هۆبزە و نە جیهانی سادیی جیهانی سروشتییە. لە دۆخی سروشتیدا، لە غیابی خوادا، تەنانەت شتەکان بوونیان نییە؛ ماف شتێکە کە پەیوەستە بە جیهانی پاش «پەیمانی کۆمەڵایەتی»یەوە. لە دۆخی سروشتیی هۆبزدا، تەنها یەك شت ئامادەیە: ئەگەری هەمیشە کوژرانی تاك لەلایەن ئەوانیترەوە. مرۆڤی سادیی، حاکمی دەرەوەی یاسا نییە؛ ئەو ناتوانێت حاکمی «دۆخی ئاوارتە» بێت. لە دۆخی ئاوارتەی شمیت[21]دا، حاکم لە دەرەوەی یاساوە نییە؛ ئەو خودی یاسایە. حاکم بڕیار نادات، بەڵکە کەسێك کە بڕیار دەدات حاکمە. لە ڕاستیدا، حاکمی دۆخی ئاوارتە، بە هەڵپەساردن و نەك بە سەرترچوون لە یاسا، دەبێتە خودی یاسا. ئەو دەرەوەی یاسا نییە، بەڵکە خودی یاسایە. لە کاتێکدا کە مرۆڤی سادیی تاوانکارە و بەئاگایە لەم دۆخەی خۆی. مرۆڤی سادیی لەناو یەك دۆخدا، یەك سیستەمی نەریتی، سیستەمی یاسا دەوڵەتییەکان و یاسا ئاینییەکاندا جێی گرتووە، و هەموو ئەم یاسایانە بە باشی دەناسێت و بەرەنگاریان دەکات. کەواتە، مرۆڤی سادیی مرۆڤێك نییە لە دۆخی سروشتیدا کە تەنها بەرەورووی مەرگ ببێتەوە، بەڵکە مرۆڤێکە لە چەقی لیڤیاتان یان دەوڵەتدا کە ڕووبەڕووی ستەمێکی فرەلایەنی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. ئەو سەمپتۆمی ژیانی کۆمەڵایەتییە؛ درزێك لە شتێکدا کە ڕێکی بە ژیان دەبەخشێت. دۆخی ئاوارتە نە بۆ **شمیت** و نە بۆ **ئاگامبێن** و نە لە هیچ خوێندنەوەیەکی تردا، سەرترچوون نییە لە یاسا؛ بەڵکە

---

[21]. Carl Schmitt (1888-1985)

هەڵپەساردنی یاسایە. لە دۆخی ئاوارتەدا حاکم، کەسێك کە بڕیار دەدات، لە یاسا سەرتر ناچێت؛ چونکە یاسا پێشوەخت هەڵپەسێردراوە و، ئەمە تاکە بەڵگەیەکە کە حاکم لەبەر بڕیارەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت. لە ڕاستیدا، نەك دەسەڵاتی حاکم کە سەرترە لە یاسا، بەڵکە هەڵپەساردنی یاسایە کە هەموو کارێك بە ڕێپێدراو هەژمار دەکات. بەپێی ئەم بنەمایەیە کە مرۆڤی سادیی، زیاتر لە هەر تاکێك لەناو دەوڵەتدا جێ دەگرێت؛ زیاتر لە هەر کەسێك بووە بە شت؛ لە کاتێکدا کە ئەو دەیەوێت ببێتە خودی لیڤیاتان: «بەڵێ، تاکە مافی من هەمیشە مافی دەسەڵاتە.» هەموو تاوانێك، بۆ مرۆڤی سادیی، کارێکی هیگڵییە؛ «بەش»ێك کە لە سنووری «گشت» سەرتر دەچێت؛ ڕەتدانەوەی ڕەهای تەواوێتی؛ بەشێك کە هێشتا نەبووە بە کەس. سوژە وەفادارە بۆ ئارەزوویەك کە تاکێتییەکەی نەك لە شوێنێکدا کە لە تەواوێتیدا داگیری دەکات، بەڵکە لە سەرترچوون لە تەواوێتی دەیبینێت. سوژە وەفادارە بۆ سەمپتۆمێك کە تاکێتییەکەی لە ئاشکراکردنی پارادۆکسەکان، لە درزی فانتازیا و لە تەواوێتیی حاکمدا بۆی دەگەڕێت.

■ بەپێی ئەم ڕاڤەیە، دەگەینە ئەم پرسیارە: ئایا لە ئەندێشەی ساددا توندوتیژی یاسا دروست دەکات؟ لە ڕاستیدا، بەپێی ڕاڤە و خوێندنەوەی ***بلانشۆ*** وەڵامی ئەم پرسیارە نەرێیە. لە ئەندێشەی ساددا، ئەوە توندوتیژی نییە کە یاسا دادەمەزرێنێت بەڵکە توندوتیژی خودی یاسایە. بە دەربڕینێکی تر، یاسا توندوتیژییە و لە جیهانی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا دەبێت بگوترێت توندووتیژی یاسایە. لە ئەندێشەی ساددا، توندوتیژی کردەیەکی سروشتی نییە، بەڵکە لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی پرسەکان بۆ (دۆخی سروشتی)یان. مرۆڤی سادیی تەنها سەبارەت بە شتەکان توندوتیژی دەنوێنێت؛ بۆ ئەو، تاکێك کە نەخێر بە بەهای یەك پرسی دەرەکی و ئارەزووی خۆی دەڵێت، لە سنووری مرۆڤەکان دەچێتە دەرەوە و دەبێتە شت. مرۆڤێك دەتوانێت لە شتێتی ڕزگاری بێت کە بەڵێ بە ئارەزوو، دەسەڵات و تاکێتیی خۆی بڵێت. تەنها تاوان دەتوانێت مرۆڤی بەشتبوو بگەڕێنێتەوە بۆ پێگە مرۆییەکەی؛ و تاوان، لە بنچینەدا، شەڕانگێزیی پاداشتی مرۆڤی سادییە. هەر کردەیەکی تاوانکارانە لەلایەن مرۆڤی سادییەوە، ڕاگەیاندنی وەفادارییە بۆ بەها شۆڕشگێڕییەکان کە لە عەقڵی ڕۆشنگەرییەوە هاتوون.

■ ساد پاڵەوانەکانی ناو دەنێت «لیبێرتین-Libertine»؛ **لیبێرتین** بە کەسێك دەگوترێت کە هیچ سنوورێك بۆ ئارەزوو دانانێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە، بە ڕوانگەی ساد، ئازادی واتە سەرپێچی لە یاسا و سەرترچوون لە سنوورەکان. لیبێرتین، لە چێژدۆستی یا لە دۆزینەوەی چێژدا، بە وردبینییەکی تەواوەوە، دەیەوێت ڕەگەزی ژن بشارێتەوە. ئەم شاردنەوەیە، لە سێ لایەنەوە گرنگە. **یەکەم؛** بۆ لیبێرتین ئەم کارە وەك لاسایەکی گاڵتەجاڕ دەردەکەوێت کە ئەخلاق پێچەوانە دەکاتەوە؛ لیبێرتین سوود لە هەمان ئەو ڕستەیە وەردەگرێت کە پیاوانی ئایینی بەکاری دەهێنن: «خانمەکان، زێتان داپۆشن!». ئەمە هەمان ڕستەیەکە ژێرناندی دەمارگیر بە ژۆستین و دۆرۆتەی دەڵێت. بە هەمان ئاواز تارتۆڤ بە دۆرین دەڵێت: «سنگت بە شێوەیەك داپۆشە کە من نەتوانم ببینم.» لێرەدا، وەك دەبینین هەمان مانا هەیە، بەڵام  بە دوو ئامانجی جیاواز؛ بۆ پیاوی ئایینی، داوێنپاکیی ڕیاکارانە و بۆ لیبێرتین، پۆرنۆگرافی بێسنوور. **دووەم؛** ژن پارچە پارچە و وردوخاش کراوە؛ دەیبەستن، دەیپێچنەوە، ڕواڵەتی دەگۆڕن، دەیشارنەوە، بە شێوەیەك کە هیچ یەك لە ڕاکێشەرییەکانی پێشووی (بەژن، سنگ، ڕەگەز) نامێنێتەوە؛ یەك چەشن بووکەڵەی نەشتەرکراو و بەکارهێنراو بەرهەم دەهێنن، جەستەیەك کە پێشەوەی نییە (جۆرێك تۆقاندن و سووکایەتی پێکهاتەیی)، برینپێچییەکی هیولائاسا، یەك «شت». **سێیەم؛** لیبێرتین لە ڕێگەی فەرمانی داپۆشرانی ژنەوە، دژایەتیی دژەئەخلاقگەرایی باو دەکات. لیبێرتین دژی ئەو پۆرنۆگرافییە کار دەکات کە لە ڕووتکردنەوەی ڕەگەزی ژندا ئازایەتی و بێپەروایەکی سەرسەخت دروست دەکات. ئەخلاقی لیبێرتینی لەسەر لەناوبردن دانەمەزراوە، بەڵکە لەسەر گومڕاکردن وەستاوە؛ ئەم ئەخلاقە ئۆبژە، وشە و ئەندامی جەستە لە کارکردە باوەکەی بەلاڕێدا دەبات. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کارە بەدی بێت، بۆ ئەوەی کە سیستەمی لیبێرتینی بە بەهای لەدەستچوونی ئەخلاقی باو درێخی بکات، مانا دەبێت پێداگری بکات، ژن دەبێت بە شوێن نواندنەوەی یەك فەزای جێگرەوە بێت، فەزایەك کە بەهرەمەند بێت لە دوو شوێن کە لیبێرتین، وەك زمانناسێك کە ڕێز بۆ نیشانە دادەنێت، نیشانە لەسەر یەکێك لە شوێنەکان دابنێت و ئەویتریش بێ کاریگەر بکات. بەم پێیە، لیبێرتین بە شاردنەوەی ڕەگەزی ژن و لە هەمان کاتدا بە ڕووتکردنەوەی کەفەڵی، وا دەردەکەوێت کە ژن دەگۆڕێت بۆ یەك کوڕ و؛ لە ژندا بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە ژن نییە؛ بەڵام تێدابردنی وەسوەسەئاسای جیاوازی، لە فێڵێك زیاتر نییە. ژنێك کە بەدەرە لە ڕەگەز، یەك ئەویتری ژن (واتە کوڕ) نییە؛ لەناو ئۆبژەکانی پۆرنۆگرافی بێسنووردا، ژن بە جیاواز دەمێنێتەوە. درووست لەم شوێنەدایە کە پرۆسەی جێگرتنەوە کار دەکات، تەنها ژنە کە هەڵبژاردنی دوو پانتایی بۆ تێبردن بە دەستەوە دەدات. لیبێرتین بە هەڵبژاردنی یەکێك لەم پانتاییانە لە بەرامبەر ئەویتردا، لە

هەرێمی هەمان جەستەدا، مانایەك بەرهەم دەهێنێت و پەسەند دەكات: سەرپێچی. چون جەستەی كوڕ هیچ ئەگەرێك نابەخشێتە لیبێرتین تاوەكو قسە لەسەر جێگرتنەوەی پانتاییەكان بكات (چون جەستەی تەنها یەك پانتایی پێشكەش دەكات)، قەدەغەیی كوڕ لە جەستەی ژن كەمترە، سەرەنجام بە شێوەیەكی ڕێكخراوتر، كەمتر سەرنج بۆ خۆی ڕادەكێشێت[25].

■ لیبێرتین، لە بنەڕەتدا دژەنەریتە و دەیەوێت «پرسی موقەدەس» بگۆڕێت بۆ پرسی ئاسایی. ئامانجی لیبێرتین بریتییە لە گۆڕینی «پرسی قەدەغە» بۆ «پرسی ڕیپێدراو». لە یاسای پیاوی ئایینیدا یا لە یاسای ئەخلاقیی كۆمەڵگەدا، زێ و چووك قەدەغەیە و جەستە بە داپۆشران سنووردار كراوە. هیچ شتێك ناتوانێت ستەمی ئەخلاق كۆنترۆڵ بكات، و لە بنچینەدا كەسێك جڵەوگری ئەم یاسایە ئەخلاقییە نییە. یاسای ئەخلاقی، سەرتر لە «من»ی مرۆیی دەجووڵێت، هەمیشە و لە ساتی فەرماندایە. لە ڕاستیدا، ئەم یاسا ئەخلاقییە نەك خزمەت بە لیبێرتین ناكات، بەڵكە بەردەوام سەركوتی دەكات. تەنها بە دەركەوتنی لیبێرتینە كە یاسای ئەخلاقی هەڵدەوەشێتەوە و ئەخلاقی مرۆیی بەرهەم دێت. بێگومان تەنها دەسەڵاتی زێ و چووك دەتوانێت یاسای ئەخلاق یا ئەخلاقی پیاوی ئایینی هەڵبوەشێنێتەوە. ***نیچە*** قسە لەسەر مرۆڤی باڵا دەكات و ساد (ڕابەری نیچە) لەسەر لیبێرتین. لە ڕاستیدا، مرۆڤی باڵای نیچە هەمان لیبێرتینی سادییە. لیبێرتین واتە ئازادی، ئازادیی جەستەدۆستی و جەستەگەرایی شۆڕش. ئێمە چ شتێك دەربارەی «عەقڵ»ی ساد دەزانین؟ چۆن دەتوانین لیبێرتینی سادیی پێناسە بكەین؟ لە بنچینەدا چۆن دەتوانین لیبێرتینی ساد ڕاڤە بكەین، بەبێ ئەوەی كە تێگەیشتنێكمان بۆ مرۆڤی باڵای نیچە هەبێت؟ تەواوی ئەم چەمكانە لە جۆرێك «پۆرن»دا ڕوو دەدەن. ئێمە هەندێكجار بەرەورووی ئەندێشەی پۆرن دەبینەوە و هەندێكجار، لەگەڵ خودی پۆرن و هەندێكجاریش لەگەڵ جەستەگەرایی، هەمان جەستەگەرایی كە لە پشت ئەندێشەوە شاراوەتەوە. وشە چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی سەماوە خۆی ڕووت بكاتەوە؟ پۆرن لێرەدا بە مانای ئاشكرابوون، دەركەوتن، خۆمانیفێست كردن و دواجار بە مانای دژی ڕیاكاری و داپۆشران و خۆشاردنەوەیە. ئەمە ئەو سەرپێچییەیە كە ساد لە سەدەی هەژدەیەمدا بۆ یەكەمین جار تیۆریزەی كرد. سەرپێچی لە دوالیزمی ڕیاساز! ڕیاكاری لە دوالیزمی چاكە و خراپەوە هاتووە، لایەنێكی ڕیا چاكەیە و ئەویتری خراپە. لیبێرتین، بە داماڵینی ڕیاكاری، وشەكانیش ڕووت دەكاتەوە و لە ڕاستیدا، لە ڕیا پاكیان دەكاتەوە. چەكی

یەك لیبێرتین چووك یا زێیەتی[22]. چووك چەكێكە دژ بە ڕیاكاری. چركەساتی دەركەوتنی چووكی لیبێرتین، چركەساتی هەڵپەساردنی یاسای ئەخلاقییە و بەم پێیە، بوونی خودی ئەخلاقگەراش یا پیاوی ئایینی هەڵدەپەسێردرێت. جەنگی ڕاستەقینە، جەنگی نێوان خراپە و چاكە نییە، بەڵكە شەڕانگێزیی تاك و شەڕانگێزیی سیستەمە. بە ڕوانگەی ساد، كێشە سەركەوتنی چاكە نییە بەسەر خراپەدا. خراپە یاخود شەڕانگێزی بەشێكە لە بوونی مرۆڤ. دارووخانی مرۆڤ ئەوكاتە دەست پێ دەكات كە تاوان داوەریكردن بێت. بە وتەی ساد، «لە یەك كۆمەڵگەی تاوانكاردا، تاك دەبێت ببێتە تاوانكار.» تاوان، بەهەرحاڵ، تەنها یەك سیاسەتی لیبێرتینە، سیاسەتێك بۆ ئازادیی مرۆڤایەتی. ئەمە وانەیەكە كە كتێبی ***فەلسەفە لە ژووری خەودا*** (1795) پێشكەشی دەكات. ئەم كتێبە لە ڕاستیدا جاڕنامەیەكە كە زایەڵەی دەنگی تا سەدەكانی دواتر درێژ دەبێتەوە: ئەی شەهوەتڕانانی جیهان یەكگرن. كەواتە، پێویستە لیبێرتین، بە شێوەیەكی چالاك، پەیوەست بێت بە خراپەوە. هەستانی لیبێرتین دژ بە یاسا نەریتییەكان، یاسا ئەخلاقییەكان، یاسا دەوڵەتییەكان و یاسا ئایینییەكان، هەستانێكە تەنها لەپێناو خودی هەستاندا و؛ تەنها یەك چەك وەك نەخێری گەورە بەكار دەخات: چووك. بێگومان ئەم هەستانە، حزووری یەك لیبێرتین، لیبێرتینێك كە ڕەمزی چێژە، نمایش دەكات. لە یاسای ئەخلاقیدا، تەنها شتێك غیابی هەیە: چێژ. بۆ لیبێرتین، ئازادی و دادپەروەری ڕەمزی چێژن؛ لە كوێدا چێژ هەبێت، ئازادی و دادپەروەری هەیە. شتێك كە بۆ یاسای ئەخلاق چێژ بێت، لیبێرتین تەواوی جیهانی یاسای ئەخلاق دەگۆڕێت بۆ چێژ. چێژ، هەڵپەساردنی یاسا و ئەخلاقە. چێژ: ساتی ڕووتبوونەوەی هەموو شتێك؛ ساتی كەوتنی دەمامكی ڕیاكاریی یاسای ئەخلاق. ساتی چێژبردن، ساتی بەرهەمهێنانی «چەشنی مرۆڤ» نییە، بەڵكە ساتی جەنگكردنە دژ بە ڕیاكاریی دوالیزمی خراپە و چاكە. لیبێرتین، بە چالاكیی چووك، ئۆرگازمی فیكریی پیادە دەكات. چالاكیی سیاسیی چووك، سێكسی فەلسەفییە. لە ڕاستیدا، پەیامبەری جەستەگەرایی و فیمینیزم، ماركی سادە؛ و ***هێلین سیكسۆ***[23] و **ژولیا كریستیڤا**[24]، بەرهەمی ئەندێشەی سادن.

---

[22]. دی بۆڤوار وتەیەك لە ساد دەگێڕێتەوە زۆر سەرنجڕاكێشە: «چ مەتەڵێكە مرۆڤ! بەڵێ دۆستی من ئەمە هەمان شتێكە كە گاڵتەجارێك دەڵێت: ئیغتسابكردنی یەك مرۆڤ باشترە لە دەركردنی. بۆ مرۆڤ چووك كورترترین ڕێگەی نێوان دوو دڵە.»

[23]. Helen Cixous (1937-?)

[24]. Julia Kristiva (1941-?)

■ نووسین ئەگەر چێژ بەرهەم نەهێنێت هیچ نییە؛ نووسین سێکسە لەگەڵ کاغەزدا کە ئەگەر بەردەنگێك هەبێت- تۆ یا ئەوێك لەکاردا بێت- یەك سێکسی دولایەنەیە و ئەگەر هیچ بەردەنگێك نەبێت- یا بە ڕاناوی یەکەم کەس بنووسرێت- جگە لە یەك دەستپەڕ هیچ نییە. بە دەربڕینێکی تر، نووسینی فرەدەنگ و دیالۆگئاسا، سێکسی نووسەرە لەگەڵ ئەویتری خوێنەردا و نووسینی سوژەتەوەر، دەستپەڕی نووسەرە. **هێلین** دەڵێت: «خانمەکان سەبارەت بە زێتان بنووسن.» نووسین، هاوڕێبوونە لەگەڵ جەستەدا و بە یەك مانا، نووسین، جەستەنووسینە[25]: جەستەی زیاتر... نووسراوی زیاتر... جەستە، سنوورێك دەنوێنێتەوە کە تێپەڕاندنی مەحاڵە. نووسەر ناتوانێت لە دەرەوەی جەستەی خۆیەوە و لە دەرەوەی «من»ی خۆیەوە بنووسێت. وشە، لە جەستەوە دێت و تەنانەت «جەستە»ی نووسین، خۆی شتێکە لە جەستە. ڕەنگە، جەستە و «من»ی نووسەر، لە نووسیندا بەیەك بگەن و ببنە بەرهەم. پارچەبوونی جەستە و خوێنڕێژی، نمایشیترین سیمای جەستەیە. نمایشکردنی جەستە، بۆ ساد، ئومێدی دەستگەیشتنە بە خود و بۆ ئەوەی خود ببینێت، دەبێت خۆی ببیزرێت و؛ کاتێك کە ئۆبژەی چێژ ئەشکەنجە دەدات، خۆی دەبێتە ئۆبژەیەکی بیزراو. هیچ تاوانێك ناتوانێت سروشتی شەهوەتگەرای ساد تێر بکات؛ ئەمە ئەدەبیات، یا نووسین بوو، کە توانیی ئەم شەهوەتە دابمرکێنێتەوە. ساد دەڵێت: «تاوانێکی ئەخلاقی تاقی بکەرەوە کە تەنها بە نووسین بەدی دێت.»[26] پەیوەندیی سێکسی هاوشێوەی گەڕانێکی خەیاڵییە، ڕێگەیەکی تر بۆ بردنی نووسەر بۆ ئەودیوی جیهان و بەرەو ئایدیاڵی خوازراو، یا هەمان پرسی ڕەها.

■ بەرهەمە ئەدەبییەکانی ساد، هەوڵێکی نارۆونە بۆ پێشبردنی تاوان تا ئاستێك کە گوناهی ئەو پاك بکاتەوە. هیچ کەسێك بە ئەندازەی ساد جەختی لەسەر پەیوەندیی نێوان خەیاڵ و گوناه نەکردووەتەوە و؛ هەندێکجار بینینێکی سەرسوڕهێنەرمان پێ دەبەخشێت دەربارەی پەیوەندیی ئارەزووی سێکسی لەگەڵ «بوون»دا. ئەگەر بمانەوێت ئەم پرسە بە شێوەیەکی تر بخەینە ڕوو، دەبێت بڵێین کە سادیزم، قڵپکراوەی دیالێکتیکی هیگڵیی نێوان-سوبێکتیڤیتەیە [intersubjectivity]

[25]. هەقیقەت کەسایەتی هەیە؛ هەقیقەت جەستەی هەیە؛ هەقیقەت ڕووگر و پەردەی نییە؛ هەقیقەت ڕووتە! کاری فەلسەفە داپۆشینی هەقیقەتە؛ و کاری فەیلەسوفی تازەش، هیچ نییە جگە لە گۆڕینی پۆشاکی هەقیقەت! تەفسیر و تەئویل، هەقیقەتی ڕووت و سادەی ئاڵۆز کردووە. ساد لە زینداندا بە ڕووتی دەژیا. جەستەی داپۆشراو سروشتی نییە. پۆشاك زیندانی جەستەیە. ساد نایەوێت ستەمی پۆشاك قەبووڵ بکات. پۆشاك، کارخانەی هاوشێوەسازیی مرۆڤی جیاوازە.

و تێیدا ناسین لە ڕێگەی باڵادەستیی سێکسییەوە دەسەپێنرێت و تێیدا هاوشوناسی لەگەڵ ئەویتردا لە ڕێگەی بێنرخکردنی ئەویترەوە بە دەست دێت. لێرەدا ئەدەبیات دەبێتە یەك باخۆسی حاکمییەتی[26] ڕەها و نووسین دەبێتە یەك دەستپەڕی تاکی، دەستپەڕێك کە واقیعییەت ڕەت دەداتەوە و واقیعییەتێکی خەیاڵی دەخاتە شوێنی. قڵپکردنەوەی نێوان-سوبێکتیڤیتە لە تەنیاییدا و وەك تەنیایی ڕوو دەدات. لە ڕاستیدا ساد پاش زیندانی بوون دەست بە نووسین دەکات، کاتێك کە چێژە سێکسییەکانی چێژی تاکین و؛ لە زیندانداا نووسین- وەك حاڵەتی ***ڕۆسۆ*** و، دانپێدانەرەکانی دەستپەڕ-شوێنی نەمانی واقیعییەت دەگرێتەوە. لێرەدا دەکرێت ***خانمی گوڵەکان***ی ژان ژینێ و وەسفکردنەکەی سارتەر بۆ ئەم بەرهەمە وەك «حەماسەی دەستپەڕ[27]» بەبیر بهێنینەوە. بێگومان هەم ساد و هەم ژینێ، خەونی یەك فەنتازیای توندوتیژیان هەیە کە بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە، بە قووڵی دژەژنە و، چەقەکەی بریتییە لە دیمەنی تێبردنی کۆمی [anal]، چ ئارەزوو بۆ تێبردن بێت (ساد) و چ ئارەزوو بۆ تێبران بێت (ژینێ)، دیمەنێك کە لە ڕێگەی دووبارەبوونەوە ناکۆتاکان و پێرستکردنی ماندووکەری ڕەفتارە سێکسییەکانەوە خۆی بێنرخ دەکات[27]. ساد دەڵێت: «من چەندین جار پێم گوتویت: تاکە ڕێگەی گەیشتن بە دڵی ژنان، ڕێگەی ئەشکەنجەیە، دڵنیا نیم لە هیچ ڕێگەیەکی تر.»

■ وێناکردن یا «وێنەسازیی تاوان» لە ئەندێشەی ساددا، ئێجگار بێ وێنەیە؛ ساد یەکێکە لەو یەکەمین بیرمەندانەی ڕۆژئاوا کە پەیوەندیی سێکس و توندووتیژی، بە شێوەیەکی ئێجگار قووڵ و ڕاچڵەکێن وێنا دەکات. مەودای نێوان توندووتیژی و سێکس، مەودای نێوان بۆنی ئۆرگازم و بۆنی خوێن نییە. قامچییەك کە لە جەستەی کۆیلەی میسری دەدرێت و ناچار بە گوێڕایەڵی دەکات، هەمان قامچییەکە کە لە گەردنی ژنی ڕووت لەسەر پێخەفی خەو دەدرێت و ناچار بە ئۆرگازمی دەکات. بە دەربڕینێکی تر، ڕیشەی ئازادی و کۆیلەیی مرۆڤ لە یەك ئاخێزگەوە سەرچاوە دەگرن: ئارەزووی جەستەیی-سێکسی[28]. وێنەسازیی تاوان لەم ڕوانگەدا، هەستی داپۆشراو و ناوەکیی مرۆڤ

---

[26] Sovereignty: باڵادەستی.

[27] »The epic of masturbation«.

[28]. لە دوای ساد، کۆمەڵێك بیرمەندی تر بۆ نموونە فوکۆ، دۆلوز، گواتاری و هتد، قسەیان لەسەر ئاخێزگەی ئارەزوو کردووە. بە باوەڕی ئەم بیرمەندانە، نهێنیی مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری نەك بەرهەمهێنانی کاڵا، بەڵکە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئارەزووە، بە تایبەتی ئارەزووی سێکسی. ئەم ڕوانگەیەی ساد، دواتر دەبێتە یەکێك لە پایە تیۆریکییەکانی فرۆید. بەرمەبنای ئەمە، یەکێك لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ساد، نیشاندانی پەیوەندیی دەسەڵات و جەستە و پەیوەندیی توندوتیژی و ئارەزووی سێکسییە. دۆلوز لەم بارەوە دەڵێت: «ئارەزوو هەرگیز وزەیەکی غەریزیی سەربەخۆ نییە،

هەڵدەکۆڵێت، چون تەواوی هێزەکەی لە سنووربەزاندندا بەکار دەخات. ئەو دەڵێت: «شادیی [مرۆڤ] نەك لەسەر چێژ، بەڵکە لەسەر خواستی ڕزگاربوون لەو شتە وەستاوە کە ئارەزوو سنووردار دەکات.» بە ڕوانگەی ساد، کاتێك کە شەهوەت هەیە نابێت سنووردار بکرێت، بەڵکە، بە پێچەوانەوە، دەبێت بەکار بخرێت. چاکە لە خۆیدا بریتییە لە بەگەڕخستنی خراپە و؛ خراپە، چاکە بانگهێشت دەکات بۆ لەڕووداوەستان و، شەیتان لە بەرامبەر خودادا ڕادەوەستێت. ساد، بە تەواوی هێزەوە، نکۆڵی لە خودا دەکات و دواجار، خۆی بە قادری ڕەها هاوتا دەکات. دیالێکتیکی سنووربەزاندن بەرەو پنتی ناکۆتا پێش دەڕوات. وەك چۆن بلانشۆ دەڵێت: «وێناکردنی خودایەکی دۆزەخی هیچ نییە جگە لە وێستگەیەك لە دیالێکتیکدا کە بەپێی ئەم وێستگەیە مرۆڤی باڵای ساد، پاش نکۆڵیکردن لە مرۆڤ لە قاڵبی خوادا، ئەوکات پێش دەڕوات تا ڕووبەڕووی خودا ببێتەوە و بە ناوی سروشتەوە نکۆڵی لە خوداش دەکات تاوەکو، سەرەنجام نکۆڵی لە خودی سروشتیش دەکات لە ڕێگەی هاوتاکردنییەوە لەگەڵ ڕۆحی ڕەتدانەوەدا.»[28] لە ڕاستیدا، ڕۆحی ڕاستەقینەی خودی سادیی، چووکتەوەریی [priapic] و نکۆڵیکردنی بەردەوامە. ئەم نکۆڵیکردنە هەمیشەییە، تەنانەت وا لەو خودە سادییە دەکات کە نکۆڵی لە خۆشی بکات. ئاگایی ساد، کاتێك کە بۆ باڵاترین ئاست سەرتر دەچێت، دەبێتە دژەئاگایی، درووست وەك چۆن ئەدەبیاتی ئەو دژەئەدەبیاتە. دەروون و زمانی ساد، گیرۆدە لە قاوغی نەفرەتدا، بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێن تا لە فۆرمەکانی خۆیان ڕزگار بن و بچنە ناو بێدەنگییەکەوە کە هاوڕێژە بێت لەگەڵ بینینی ترسناك. لە نووسراوی سادادا، هەمیشە

---

بەڵکە بەرهەمی بونیادێکی زۆر پێشکەوتوو و بەرنامە بۆ داڕێژراوە، بونیادێك کە خاوەنی چەندین کارلێکی فرەجەمسەرە. ئارەزوو بە شێوەی هێزەکی [بالقوە] دەبێتە هۆکاری جەبری فاشیزم.» (Deleuze, Nomad Thought, p. 99)؛ ئەم وتەیەی دۆلوز سەبارەت بە ئارەزوو، بە وردی پێناسەکەی فوکۆیە بۆ دەسەڵات؛ دەسەڵات مرۆڤ سەرکوت ناکات، بەڵکە بەرهەمی دەهێنێت؛ بە هەمان شێوە، ئارەزوو غەریزەیەکی سەربەخۆ نییە، وەڵامێکی پەرچەکردارانە نییە بۆ نیازێکی کەپتکراو، بەڵکە هێزێکی کردەییە و دەست بە بەرهەمهێنانی پەیوەندیی، مرۆڤ و شوناسە تاکی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات. ئارەزوو، «واقیع» بەرهەم دەهێنێت و، لەگەڵ چێژدا مرۆڤ فڕێ دەداتە دەرەوەی خۆیەوە. ئارەزوو، خودی دەسەڵاتە؛ دەسەڵاتێك کە پرۆسەی شکڵگیریی سوژە پێك دەهێنێت. ئەگەر وا دابنێین کە تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی ئارەزوو داڕێژرابن، کەواتە دەتوانین هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، هەم بە دەزگایەکی دەسەڵات و هەم بە خولگەیەکی ئاڵۆزی ئارەزوو بزانین. زیندانە ڕاستەقینەکان، خولگە ئاڵۆزەکانی ئارەزوو و دەسەڵاتن؛ بەم پێیە، دیاردەی فاشیزم ڕیشەیەکی لە ئارەزوودا هەیە. فاشیزم تەنها بە ئایدیۆلۆژیا تەفسیر ناکرێت، چون ئارەزوو لە «مونتاژی ماشێنی» کە، تێگەیشتن، ڕوانگە و فۆرمەکانی گوتار پێك دەهێنێت، جیانەکراوەیە. بۆ دۆلوز، پرسی ئارەزوو، پرسی بنەڕەتیی فەلسەفەی سیاسییە. ئارەزوو تڵیشی مرۆڤ نییە، بەڵکە، لە سەرێکەوە، هەوێنی شکڵگیریی مرۆڤ و لە سەرێکی تریشەوە، ئاخێزگەی کۆمەڵایەتییانەی فاشیزمی مرۆڤە.

پارادۆکسگەلێك هەن؛ بەڵام ئەم پارادۆکسانە زیاتر سنووردارییەکانی لۆجیك ئاشکرا دەکەن تا سنووردارییەکانی واقیع.

■ ***لاکان***[29]، لە وتارە ناودارەکەیدا بە ناونیشانی «**کانت لەگەڵ ساد**»دا، خوێندنەوەیەك سەبارەت بە کتێبی ساد، واتە «فەلسەفە لە ژووری خەو»دا، پێشکەش دەکات. پرسیار ئەمەیە: لە چ پنتێکدا ساد و کانت بەیەك دەگەن؟ سوژەی ترانسێندێتاڵی و ئۆتۆنۆمی کانتی چ پەیوەندییەکی بە مرۆڤی تاقانە و سادییەوە هەیە؟ سەرەتا پێویستە ئەوە بەبیر بهێنمەوە، وەك لە پەیوەندیی پرسی «فەرمانی ڕەها»ی کانتی و شۆڕشدا خرایە ڕوو، کە: چاکەی ڕەها بە ئەندازەی خراپەی ڕەها مەترسیدارە. سوژەی سەربەخۆی کانت، بە پەیڕەویکردن لە ویستی ئەخلاقیی خۆی، یاسا دادەنێت و؛ ئەم یاسایە پاك کراوەتەوە لە هەر جۆرە ئارەزوویەکی شەڕانگێز. یاسای ئەخلاقیی کانتی، یاسایەکی گەردوونییە و بەم پێیە، پێویستی بە توندوتیژییە تا جێبەجێ بکرێت. لەلایەکی ترەوە، سادیش بە پشتبەستن بە پرەنسیپی سەربەخۆیی مرۆڤ، یا هەمان ئۆتۆنۆمیی کانتی، بنەماکانی خۆی بەپێی عەقڵی سادیی دادەمەزرێنێت: بەرابەریی ڕەها، بەختەوەریی مرۆیی، مافە تاکییەکان، خاوەندارێتیی تایبەتی، یاسای عەقڵیی مرۆیی بەرامبەر یاسای ستەمکارانەی کڵێسا، باڵادەستیی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا و دەسەڵاتی ڕەهای مرۆڤ. کەواتە، بە یەك مانا، ڕەهاگەرایی ئەخلاقیی کانتی هەمان ڕەهاگەرایی ئەخلاقیی سادییە؛ یا بە دەربڕینی لاکان، ستەمکاری ئەخلاقگەرای کانتی هەمان مرۆڤی دژەنۆرمی بێ ئەخلاقی سادییە[29]. بە باوەڕی لاکان، سوژەی سادیی، بە ڕەتدانەوەی مەعشوقە و ڕەتدانەوەی ئەویتر، خوازیاری گەیشتنە بە پێگەی سوژەی ڕەها و «ئەویتری گەورە». سەرەڕای ئەمەش، بۆ ساد، چێژ لەگەڵ ڕیزبەندیی جیهاندا هاودەقە. بەم پێیە، یەك فەرمانی ڕەها لە بنچینەدا لە پێوەند بە چێژی ڕەهاوە ئاشکرا دەبێت.

■ ***ئادۆرنۆ*** و ***هۆرکهایمەر***[30] دەڵێن مرۆڤی سادیی بەرهەمی لۆجیکی ڕۆشنگەرییە، لۆجیکێك کە ئەویتر سەرکوت و پەراوێز دەخات. بەڵام، ئایا ئەم ڕاڤە لاکانییە لەگەڵ ڕاڤەی بلانشۆدا یەك

---

[29] . Jacques Lacan (1901-1981)

[30]. ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر، لە کتێبی ***دیالێکتیکی ڕۆشنگەری***دا، لە باسی مرۆڤی باڵای ساددا دەڵێن: «سەلماندنی دەسەڵات وەك پرەنسیپی زاڵ بەسەر هەموو پەیوەندییەکاندا بە بەهای بێداریی سوژەیە. بە بەراورد بە یەکێتیی ئەم عەقڵە جیاوازیی مرۆڤ و خودا دەبێتە پرسێکی زۆر لاوەکی و بێمانا... خودای خەلاق و ئەندێشە یا ڕۆحی سیستماتیك، هەردووکیان زاڵ بەسەر سروشتدا چەشنی

دەگرێتەوە؟ بلانشۆ شتێکی پێچەوانە دەڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا نییە کە خودی ساد بەئاگا بوو‌بێت لەم پرسە. بلانشۆ دەڵێت: ئاغای من بوون، بە مانای ئاغای ئەویتر بوونە. کاتێك کە سەربەخۆیی من لە ئۆتۆنۆمیی منەوە نایەت، بەڵکە لە وابەستەیی ئەوانیترەوە بۆ من سەرچاوە دەگرێت، شتێکی ئاشکرایە کە من تا ئەبەد بەستراوم بە ئەوانیترەوە و هەروەها ئەمەی کە پێویستیم بە ئەوانیترە تەنانەت ئەگەر تەنها پێویستیم بە لەناوبردنیان بێت[30]. لەم پنتەدایە کە ساد هەم لە دەروونشیکاری و هەم لە دیکارت دوور دەکەوێتەوە. دۆلوز لەو سیمینارانەدا کە پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی «دژەئۆدیپ» پێشکەشیان دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەروونشیکاری بە دابەشکردنی سوژە بۆ «سوژەی گوزارە» و «سوژەی دەربڕین» بە تەواوەتی دیکارتییانە کار دەکات: «هیچ سوژەیەکی تاکیمان نییە کە گوزارەیەکی تاکی دەربڕێت و بەرهەم بهێنێت، ئێمە بەرامبەر هۆکارە کۆییەکانی دەربڕین وەستاوین کە ئەنجامی کۆبەندی ماشێنییە.» هاودەستیی هۆکارە کۆییەکانی ئەدای شانۆ لە فیکری ساددا هاوتەریب دەبێت بە هۆکارە کۆییەکانی دەربڕین کە بێگومان هەردووکیان کۆمەڵێك هێڵن لە یەك **کۆبەندی ماشینی**دا. لەبەر ئەمەیە کە دۆڵۆز، لاکان وەك «دواهەمین دیکارتی» دەبینێت، دیکارتییەك کە دەیەوێت بیر لە ئارەزوو بکاتەوە، و بە یەك مانا، جیای دەکاتەوە لە بیرکردنەوە. بەڵام دۆلوز، دەڵێت بیرکردنەوە هەمان ئارەزووکردنە.

■ ***کلۆسۆڤسکی*** لە یاداشتێکی گرنگدا دەربارەی ساد دەنووسێت: «سیاسەتی نووسراو نا-زمانە. نا-زمانێك کە لە پرسی نۆرمەکی و زاڵ مەودا دەگرێت و هیچ کات لە بەدیهاتنی مەوداگرتن لە پرسی نۆرمەکی ڕاناوەستێت و بە دووبارەکردنەوەی ئەم سیاسەتە، خۆی وەك گومناویی خۆی دەناسێتەوە: واتە خاڵی بوون لە هەر فۆرم و ناوەڕۆکێکی پێناسەکراو و دەستنیشانکراو، و پێکهێنانی جیاوازی لە پێوەند بە خۆیەوە. بەکارخستنی ئەم نا-زمانە بە وردیی لە دڵی خودی زماندایە.[31]» ساد،

---

یەکترن. وەکیەکیی مرۆڤ و خودا واتە: حاکمییەت و سەروەری بەسەر بووندا، نیگای ئاغایانە و دانیشتن لەسەر کورسی فەرماندەرێتی.» (أدورنو و هورکهایمر، دیالتیك روشنگری، ص38-39).

[31]. هەروەها باتای دەربارەی ساد دەڵێت: «ئەمە زمانێکە کە هەر چەشنە پەیوەندییەکی نێوان قسەکەر و بەردەنگ پووچەڵ دەکاتەوە.» ئەم زمانە، بەدیهاتنی باڵای کارکردەکانی خۆیەتی، کارکردگەلێك کە لە پەیوەندیی نێوان توندووتیژی و سێکس یا شەهوەتدا دەدۆزرێنەوە. لە بنچینەدا، توندووتیژی شتێکە کە قسە ناکات، لەکاتێکدا کە سێکس شتێکە کەمتر قسەی لەسەر دەکرێت. ئەدەبیاتی پۆرنۆگرافی، بەر لە هەر شتێك پەیوەستە بە ڕووبەڕووبوونەوەی زمان لەگەڵ سنووری تایبەتی خۆیدا، بە مانایەك، ڕووبەڕووبوونەوەیەتی لەگەڵ ئەو شتەدا کە جۆرێك «نا-زمان»ە. ئەم پەیامە تەنها بە جۆرێك درز یا دووپارچەبوونی ناوەکیی زمان بە دەست دێت: توخمی کەسی بە تێڕامان لەسەر خۆی بگۆڕدرێت بۆ توخمی ناکەسی. واتە، بە دەربڕینی بلانشۆ، زمان لە هێزێکی کەسییەوە ببێتە هێزێکی گشتی و ناکەسی.

زمان دژی خودی زمان دەجوولێنێت. ساد، حضوری نا-زمان، لە زماندا هەڵدەکۆڵێت؛ ئەمە زمانێکە کە مافی داواکردنەوەی لە خۆی وەرگرتووەتەوە. نەمانی مافی داواکردنەوە، بەم مانایەیە کە شتێك لە دەرەوە[32]ی زمانەوە دەمێنێتەوە. ئەوەی کە لە دەرەوە دەمێنێتەوە، یەك جاری تر، کردەیەکە کە دەبێت ئەنجام بدرێت. هەرچی ئەم کردەیە ئەنجام بدرێت، زیاتر لە دەرگا دەدات: لە دەرگای بۆشایی ئەدەبی. دەرەوە هەمان شتێکە کە سەرپێچی لە هەر ڕاڤەیەك دەکات. ئەوەی کە داهێنانێکی شێوێنەر بە دەقی ساد دەبەخشێت، ئەمەیە کە لە ڕێگەی سادەوە ئەم دەرەوەیە، وەك شتێك کە لەناو ئەندێشەدا بەرهەم هێنراوە، شرۆڤە و ڕاڤە دەکرێت[31]. **کلۆسۆڤسکی**، ساد بە یەکێك لەم جۆرە نموونانەی سیاسەتی نووسراو دادەنێت؛ بە تایبەت لەو ڕووەوە کە هیچ کات لە بەدیهاتنی مەوداگرتن واتە سەرپێچی لە پرسی نۆرمەکی و زاڵ ڕاناوەستێت. لەم دۆخەدا، هەم خود و هەم ئەویتر دەمرن، و هەم فۆرم و ناوەڕۆکی پەتیی. کەواتە، لە ئەندێشەی ساددا، نە دوالیزمی خود/ئەویتر دەبینین نە دوالیزمی فۆرم/ناوەڕۆك. لە ئەندێشەی ساددا، ئەویتر لە بنچینەدا مانای نییە کە بیەوێت ڕەت بدرێتەوە. حزووری ئەویتر تەنها بە مانای جێگرتنە وەك بەردەنگ. لە بنچینەدا ڕەتدانەوەی ئەویتر واتە بەرهەمهێنانی مانا و سەرهەڵدانی پرسی ئەخلاق: «نووسین، نووسین بە ئەویترە و نەك بۆ ئەویتر.» ئەویتر بۆ ساد، دەتوانێت هەرچییەك بێت: خودا، مەعشوقە، باوك، کڵێسا، ئایین، خود، باوکی موقەدەس، کۆمەڵگە، یاسا، سیستەمی خێزان، حاکم و هەرشتێك کە بیەوێت میتافیزیکی خود/ئەویتر دروست بکات.

■ لە ئەندێشەی ساد و باتایدا، هەر ڕەتدانەوەیەك بە مانای بە فەرمی ناسینی یەك ئەویترە لە دەرەوەدا؛ ڕەتدانەوە، واتە دانپێدانان بە ئەویتردا لە فەزای دەرەوە. لە ڕێگەی ڕەتدانەوە و پێکهێنانی سیستەمی ئاڵوگۆڕەوە، شتێك بەرهەم دێت: مانا. مانا بەرهەمی دیالێکتیکی هیگڵییە. بە پێچەوانەوە، سوژەی سادیی کە دروستکراوی ئەزموونی سادییە- واتە یەك جووڵە بەرەو تاقیکردنەوە، یەك سەرپێچی لە پرسی نۆرمەکی- بەڵێ بە هێزە ئەرێنی و ناونشینەکانی خۆی دەڵێت تا ئەمەی کە بیەوێت بیر لە پرسی ترانسێندێتاڵی و نەرێنی بکاتەوە. لە سیستەمی هیگڵیی ئاغا/کۆیلەدا، ئەمە کۆیلەیە کە لە پێگەی ژێردەستدا جێی گرتووە و ئاغا لە پێگەی باڵادەست. ئەگەر هەموو گرفتەکە لەسەر ئەمە بێت کە ئۆبژەی زیادە یا زیادەی جەستەی ئاغا، واتە پیسایی ئاغا، بە چ کەسێك دەگات، ئەوا ئەمە

---

[32] outside .

کۆیلەیە کە هەمیشە چاو دەبڕێتە کۆمی ئاغا. سوژەی ژێردەست دەیەوێت، لە ڕێگەی یەك پەیوەندیی لیبیدۆییەوە، دەستی بگاتە کۆمی ئاغا و ئۆبژەی زیادەی ئاغا بە دەست بهێنێت. ***فرۆید*** دەڵێت ئاغا بەهۆی تەکنیکی ڕێگرییەوە ناهێڵێت کە کۆیلە دەستی بگاتە ئۆبژەی زیادەی ئاغا، واتە ئۆبژەی ئارەزووی کۆیلە، و بەم پێیە، مەودای دیاریکراوی نێوان ئاغا/کۆیلە هێشتا ماوەتەوە. بەڵام ساد پرسێکی نوێ دەخاتە ڕوو: ئاغا لە نێوان دوو کاردا بەگومانە: ئەمەی کە کۆمی پێشکەش بە کۆیلە بکات و بگاتە چێژی کۆمی و دواجار پێگە ڕەمزییەکەی لە دەست بدات؛ یاخود، بە تەکنیکی ڕێگریی فرۆیدی پیسایی نەکات، و کۆمی نەبەخشێت و دواجار بێبەش ببێت لە چێژی کۆمی. ساد لەم بارەوە دەڵێت: «ئاغا یەك بوونەوەری لادەری کۆمییە، ئەو بە دڵنیاییەوە پیسایی دەکات و لە ململانێی نێوان پێگەی ڕەمزیی و چێژی کۆمیدا، دواجار، بۆ چێژی کۆمی ملکەچ دەکات.» سەرەنجام، هەم کۆیلە دەستی دەگاتە ئۆبژەی زیادەی ئاغا واتە ئۆبژەی ئارەزووی خۆی، و هەم ئاغا چێژی سوبێکتیف دەبات. کەواتە، بە کردەوە، دەبینین کە سیستەمی دیالێکتیکیی هیگڵی لەلایەن سادەوە قڵپ دەکرێتەوە. لەمە بەدواوە، گرفتەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی کێ پیسایی دەکات و کێ نایکات؟ بۆ ساد، ئەم گرفتە بەستراوە بە کۆنترۆڵی پیسایی ناو جەستەوە. ئەمەی کە ئاغا (چ خودی ئاغای سەرەتایی بێت و چ کۆیلەیەك کە  گەیشتووە بە پێگەی ئاغایەك) تا چ ئەندازەیەك، بە وتەی باتای، وەك «میر» مامەڵە دەکات. میرێتیی ئاغا لەم شوێنەدا دەبەسترێت بە پێگە سوبێکتیڤەکەیەوە و نەك پێگە ڕەمزییەکەی. میرێتی لە دۆخی ئاغابووندا نییە، بەڵکە ئاغاشێوە ژیانکردنە؛ لە دۆخی دەسەڵات بوون یا دەسەڵاتدار بوون نییە، بەڵکە چاوبڕینە لە ویستی پەیوەست بە دەسەڵاتی ژیانکردن. واتە مرۆڤێك کە بەڵێ بە هێزە ناونشینەکانی خۆی دەڵێت. میر، یا مرۆڤی سادیی، بە ڕاستی هەمان سوژەی فەرماندەر و بەڵێگۆ بە خودی نیچەییە؛ واتە، ڕوو وەرگێڕان لە ئەخلاقی کۆیلەکان و چوون بەرەو ئەخلاقی سەروەران؛ واتە کەسێك کە وەك قومار ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و دڵەڕاوکێی بوون بە زیاتر دەزانێت تا دڵەڕاوکێی مەرگ. پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا هاوتایە بە پەیوەندیی نێوان ئاغا و کۆیلە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا. هەستانی ئاغا دژ بە خودا، پەیوەندیی دێرینی نێوان ئاغا و کۆیلە دادەمەزرێنێتەوە و بە شۆڕشی کۆیلە دژ بە ئاغا تەواو دەبێت. مەرگی خودا کە خواستی ئاغا بووە، مۆدێلێك بۆ کوشتنی ئاغا لەلایەن کۆیلەوە پێشکەش دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، ئاغا تەنها دەتوانێت خودا لە خەونەکانیدا بکوژێت: خەونگەلێك کە خودی خودا بۆی ناردووە؛ ئەو تەنها دەتوانێت بە ورووژاندنی کۆیلە دژ بە خۆی، خودا هان بدات تا بەشداریی لە تەنها یەك ململانێدا بکات و؛ کۆیلە

کە بەم ڕێگەیە ورووژاوە، دەبێتە مەستی ئازادی، گۆڕراو بە یەك خودا، ساتێکی شادمان، بەڵام لاواز لە گومانکردن لەوەی کە ئەو تەنها ئامرازێك بووە بۆ ویستی خودایی.

■ ***هیگڵ*** دەڵێت: «کۆیلەیی جۆرێکە لە خودئاگایی، خودئاگاییەکی ناشاد.»[32] کۆیلەیی، ئاگاییەکە کە لە ڕێگەی ناشادییەوە خۆی بە دەست دەهێنێت؛ لە ڕێگەی دۆزەخەوە بەهەشت، و لە ڕێگەی خراپەوە چاکە، و لە ڕێگەی «نەبوون»ەوە «بوون» بە دەست دەهێنێت. کۆیلە، مەخلوقێك کە هەمیشە خوداکانی دەگۆڕێت. ئاگایی ناشاد، واتە هێزێکی فاوستی، کە لە غیابی عەقڵدا ئازار دەکێشێت؛ هێزێکی چاکەخواز، کە هەمیشە خراپەی لێ دەوەشێتەوە. مرۆڤی ناشاد، هەمیشە لە بەرامبەر ستەمکاردا وەك کۆیلە ڕەفتار دەکات و لە بەرامبەر کۆیلەدا وەك ستەمکار. خودای کۆیلە، خودای ئارەزووە؛ ئارەزوویەك کە ئۆبژەکەی ئارەزوویەکی ترە؛ بە دەربڕینێك، ئارەزووی ئارەزوولێکراوە. «من»ی ئارەزوو، یەك بۆشاییە، «نەبوون»ێکی ڕووتە کە هیچ خودایەکی ئارەزوو پڕی ناکاتەوە، چون ئارەزوو وەك ئارەزوو، تەنها دۆخی ئاژەڵبوون دەردەخات، چون بوون بە کۆیلەی خود خراپترە لە بوون بە کۆیلەی ئەویتر. بە کورتی، خود-ئاگایی ناشاد وەك چییەتی کۆیلەیی، خوداکان لە شوێنکاتی جیاوازدا بەرهەم دەهێنێتەوە، چون بۆ ئەو «مەرگی خودا» واتە لەدایکبوونەوەی خودا.

■ کامڵی ویستی سادیی لە مەرگدایە؛ سنووردارێی یەك مرۆڤی سادیی، کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە، تاوان و خۆکوژییە. لەم ڕووەوە، نابێت مایەی سەرسوڕمان بێت کە پاڵەوانەکانی ساد پاڵنەری تاناتۆس[33] بەگەڕ دەخەن. کۆنت دوگیرناند، ورگپەرستێکی هیولائاسا، بە چووکی یەك منداڵ، تەنها کاتێك دەگاتە ترۆپکی چێژی سێکسی کە لە بەرامبەر ئەو منداڵەدا، خوێن لە جەستەی ژنەکەی بهێنێت. ڕۆلان پەیکەرێکی مەرگ، لە قووڵایی زەمیندا دەپارێزێت، تەنانەت سوود لەو گوریسە وەردەگرێت کە قوربانییەکانی خۆی پێ دەخنکێنێت. بێگومان، هیچ دەسەڵاتێك ڕەهاتر نییە لە کردەی وێرانکردنی ئاگایی مرۆیی، مەگەر تەنها کردەی خەڵقکردنی ئاگاییەکی تر، کە ساد وەك شتێکی بەرگەنەگیراو دەیبینێت. باڵاترین تۆڵەسەندنەوەی مرۆڤ کە نە دەتوانێت خودا بکوژێت و نە

[33] thanatos .

دەتوانێت، وەك خودا، خەڵق بكات، ئەمەیە كە مەخلوقەكانی خودا بكوژێت. بەم هۆیەیە كە، ساد، لە كۆتایی بەرهەمەكانیدا، دەبێت پاڵەوانە خەیاڵییەكانی ستەمكارانە بكوژێت و لەناو ببات. ئەگەر مرۆڤە شەڕانگێزەكانی ساد ڕووبەڕووی شكست دەبنەوە، ئەوا خودی ساد سەركەوتن بە دەست دەهێنێت: ئەو ژوستین دەكوژێت. خودی سادیی، وەك ئاماژەم پێ كرد، لە مەرگدا دەگاتە پنتی كامڵی. لەناوبردن، دواهەمین ئامانجە. لەبەر ئەمەیە كە ساد دەنووسێت: «لیبێرتینێك نادۆزرێتەوە كە بە لایەنی كەمەوە كەمێك لە خراپەدا ڕۆنەچووبێت و نەزانێت تاوان چ كاریگەرییەكی ترسناك لەسەر هەستەكان پیادە دەكات.» مەرگ زاڵ دەبێت بەسەر هەموو شتێكدا. ڕەتدانەوەی ئەوانیتر، نەك لە سەلماندن بەڵكە لە ڕەتدانەوەی خودداا، دەگاتە دوا پنت. باتای دەپرسێت: «چ شتێك دڵەڕاوكێ-هێنەرترە لە ئایدیای خودتەوەرییەك كە دەگۆڕدرێت بۆ ویستی پەیوەست بە تێداچوون لە كورەیەكدا كە ئاگرەكەی خودێتی[34]دایگیرساندووە؟» سەرەنجام، هاوكێشەی ترسناكی ساد دەبینین: مرۆڤ ئۆرگازمە، ئۆرگازمیش مەرگە. ساد كە زیندانی ئاگایە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەستپەڕی مەرگبارەوە هەڵبێت. بینینەكانی مایەی زووخاو و ئازارن، جەستە وشك و پەژمووردە دەكەن و لە جەستەدا تەنگەڵانێك دەكەنەوە كە تێیدا ئاگایی هەڵدەدرێت. خودی سادیی، لە كاتێكدا كە نائومێدانە بەدوای ڕێگەیەكدا دەگەڕێت تا ببێتە ئەویتر، دیسان لە خۆیدا ڕۆدەچێت. تاكە ڕێگەی ڕزگاربوونی ئەم خودە لە مەرگدایە. ساد دەزانێت كە توندوتیژی مەرجی هەیەجانی ژیانە، و وێرانكردن، دەبێتە مایەی چالاكیی سروشت؛ چەپەڵی بە ئەندازەی چاكە بۆ سرووشت پێویستە. ئەوەی كە مەزنە، هەمیشە ڕۆحی وێرانكردن و لەناوبردنە. ساد ڕۆشنگەری دەگەیێنێتە كۆتایی. بەڵام هیچ كات ئەم خاڵە لەبیر ناكات كە عیشق هەمیشە لە شوێنێكدا هەیە كە مەرگ فەرمانڕەوایی دەكات. ویستی مەرگ لە خودی سادییدا، پنتی كامڵی ئیرۆتیزمی ترسناكی ئەوە. بە ڕوانگەی ساد «بنەڕەتی ژیانی تەواوی بوونەوەرەكان مەرگە. ئەم مەرگە تەنها دەستكەوتی خەیاڵە.»[32] تەنها مرۆڤ وابەستەیە بە بەهای بوونەوەرێتیی خۆیەوە؛ بەڵام ئەو دەتوانێت چەشنی خۆی بە تەواوەتی ڕیشەكێش بكات، بێ ئەوەی كە بچووكترین گرنگی بۆ گەردوون هەبێت. مرۆڤ بانگەشەی بەهرەمەندبوون لە كەسایەتیی موقەدەس دەكات، شتێك كە ئەو دەكاتە بوونەوەرێكی نەگیراو و بەرگەنەگیراو، بەڵام ئەو تەنها ئاژەڵێكە لەناو ئاژەڵەكانی تردا. مرۆڤ، ئاژەڵێكی زێدە ئاژەڵ: «تاكە شانازیی مرۆڤ ئەنجامدانی تاوانە»[33].

---

[34] selfishness .

***

■ ڕەنگە ساد، تووڕەترین نووسەر بێت لە مێژووی نووسیندا؛ تووڕەیی ساد، بە جۆرێکە کە هەموو شتێك بەر نەفرەت دەدات، لە خوداوە بۆ مرۆڤ، لە سروشتەوە بۆ مێژوو، بەڵام نەفرەتێکی خوڵقێنەر. لە ڕاستیدا، پەیوەندییەکی سەیر هەیە لە نێوان تووڕەیی و نووسیندا: هیچ نووسەرێکی گەورە، بەبێ تووڕەیی، ناتوانێت بنووسێت و بەبێ نووسین، ناتوانێت لە پشت تووڕەیی خۆیەوە دەرکەوێت. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بێت کە فرۆید، لە کتێبی «شارستانییەت و نیگەرانییەکانی»دا، دەڵێت شارستانییەت یەکەمین جار لەو شوێنەدا دەستی پێکرد کە مرۆڤ تووڕە لەجیاتیی بەرد «وشە»ی هاویشت. کتێبەکان، ئەرشیفی تووڕەییە دامرکاوەکانی نووسەرەکانیانن. هەرچەندە، هەندێکجار نووسین ڕێگایەکە بۆ پاراستنی خود لە تووڕەیی، بەڵام ڕێگایەکی باش نییە بۆ دامرداندنەوەی. کتێب یاخود نووسراو، کاتێك دەخەسێنرێت کە نووسین و خوێندنەوەی بگۆڕدرێت بە ڕێگەیەك بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی. دەبێت بنووسین تا تووڕەیی بگۆڕین بۆ «ماڵ»ی خۆمان، دەبێت بنووسین تا لە تووڕەییدا نیشتەجێ بین؛ ئەوەی کە ماڵێکی نییە یا دەبێت لە تووڕەییدا بژی یا لە نووسین دەربارەی تووڕەیی. نهێنیی جاویدانەگیی کتێبی کەسانێکی وەك ساد، نیچە، کافکا، کامۆ، ئادۆرنۆ، بلانشۆ و هتد، تەنانەت هیگڵ و مارکسیش ئەوەیە کە ئەم نووسرانە، نووسینیان بۆ جەنگکردن لەگەڵ تووڕەیی بەکار نەهێناوە، بەڵکە جۆرێك تووڕەیی ناتەبایان سەبارەت بە مرۆڤ پەرە پێداوە، تووڕەییەك بۆ پەرینەوەیەکی ترسناك بەرەو نووسین. لەم ڕووەوە، کتێبی خراپ، ئەو کتێبەیە کە مرۆڤ ئارام دەکاتەوە و؛ کتێبی بێنرخ، مرۆڤ لە تووڕەیی دەخات یا ڕێگەی ژیان نیشان دەدات. بەڵام کتێب و بەرهەمە گەورەکان، نەریتێك دەچێنن کە مرۆڤ لەپاڵ ئاگری تووڕەیی نووسەردا نیشتەجێ ببێت و؛ نەك تەنها چێژ و جوانی، بەڵکە تووڕەیی نووسەر بە مرۆڤ دەبەخشن. بە کورتی، کتێب، لە خۆیدا، ڕێگەیەکە بەرەو وێرانەیی و تووڕەیی: تووڕەیی ئۆنتۆلۆجیی، پاڵنەری ڕاستەقینەی نووسین.

JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

# سەرچاوەکان


1. بلانشو، از كافكا تا كافكا، ص 32-33.
2. Pierre Klossowsky, Sade My Neighbor, trans: Alphonso Lingis, Northwestern University Press, Evanston, Illinois 1991, p. 102-104.
3. وتەکانی سادم لەم بەرهەمانەی سادەوە وەرگرتووە:

The Marquis de Sade, The Comolete Justine, Philosophy in the Bedroom and other writings, compiled and translated by Richard Seaver and Austryn Wainhous, Grove press, New York, 1965.

Sade, The Libertine Novels, John Phillips, Plutu Press, London 2001.

4. موريس بلانشو، عقل ساد، ت: سميرا رشيدپور، نشر بيدگل، چاپ اول تهران 1394، ص 101.
5. همان، ص 146.
6. همان، ص 138.
7. Pierre Klossowsky, Sade My Neighbor, p. 56.
8. بلانشو، از كافكا تا كافكا، ص 33.
9. سيموم دوبوأر، آيا بايد ساد را بسوزانيم، ت: امين قضايي، چاپ اول 1378، ص 53.
10. Pierre Klossowsky, Sade My Neighbor, p. 94.
11. Ibd, p. 97.
12. Ibd, p. 99.
13. بلانشو، عقل ساد، ص 128-129.
14. P. Klossowsky, Sade My Neighbor, p. 103.
15. دوبوأر، ايا بايد ساد را بسوزانيم؟ ص 45.
16. بلانشو، عقل ساد، ص 101.
17. بلانشو، از كافكا تا كافكا، ص 33.
18. همان، ص 33.
19. بلانشو، عقل ساد، ص 118.
20. همان، ص 119.
21. همان، ص 130.
22. همان، ص 137.
23. همان، ص 98.
24. P. Klossowsky, Sade My Neighbor, p. 104.

25. Roland Barthes, Sade Fourier Loyola, trans: Richard Miller, New York, University of California 1989, p. 35.

26. بلانشو، عقل ساد، ص 124.

27. S. Critchly, Very Little…Almost Nothing, p. 60-61.

28. بلانشو، عقل ساد، ص 119.

29. Jacques Lacan, Sade with Kant, trans: James B. Swenson.

30. بلانشو، عقل ساد، ص 116-117.

31. P. Klossowsky, Sade My Neighbor, p. 72.

32. هگل، خدايگان و بنده (با تفسير كوژو)، ت: خميد عنايت، ص 60.

33. دوبوأر، أيا بايد سادرا بسوزانيم؟ ص 59.